کۆمەڵە
# شۆڕش
ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران

## پەرەسەندنی نارەزایەتییە کرێکارییەکان لە ئێران

۲ هەزار کەس لە کرێکارانی "پارس مینو" بۆ وەرگرتنی حەقدەستەکانیان کە بۆ ماوەی ۷ مانگ وەدواکەوتووە لە بەردەم دەفتەری شیرکەتی ناوبراودا کۆ بوونەوە. هاوکات کرێکارانی کارخانەی "یەمن پلاستیک" لە نارەزایەتی بە نەدانی حەقدەستەکانیان لە بەردەم بینای تازەی مەجلیسی شوورای ئیسلامیدا کۆبوونەوە. هەروەها کرێکارانی سەدی "زیردان" و کرێکارانی شیرکەتی "سیانا" لە نارەزایەتی بە وەرنەگرتنی حەقدەستەکانیان کۆ بوونەوەیەکیان پێک هێنا.

نارەزایەتییە کرێکارییەکان سەرەڕای ئەوەی لەچەن مانگی رابوردوودا پەرەی سەندووە، بەڵام لەم دوو ساڵەی دواییدا گەلێک جار لە شوێنە جۆراوجۆرەکانی ئێراندا رووی داوە. رەوتی نارەزایەتییە کرێکارییەکان روو لە زیاد بوونە و کاریگەری دەبێ لە سەر کەش و هەوای سیاسی ئێران.

دەورەی دووهەم، ژمارە (٤٢). نیوەی دووەمی بەفرانباری ۱۳۸۳

No .(42) First Half of January 2005

# گوشاری کۆماری ئیسلامی بۆ سەر بزووتنەوەی روناکبیری و ئەرکە هەنووکەییەکان



عومەری ئیلخانیزادە

بێ گومان بزووتنەوەی روونـاکبیریی کوردستـانی رۆژهـەڵات لـە دەیـەی رابـوردوودا لـە کاتێکـدا کـە خـەباتی چـەکداری تووشـی نەکسـە و نوشستـی هـات، بـۆ پارێزگـاری لـە بزاڤـی رزگاریخوازانەی ئەم بەشەی کوردستان، دەورێکی باشی گێڕا. بەڵێ ئەوکاتانەی زمـان ئامـان بـوو و دەسـەڵاتی رەشـی کۆمـاری ئیسـلامی بـاڵی بەسـەر کوردستاندا کێشابوو و تەنانەت تـەماعی ئەوەشیان کـەوتبووە بەر کە فەرهـەنگ و زمان و ئەدەبی کوردیش ئیسلامیزە بکەن وبـۆ ئـەو مەبەسـتە چـەند دوڕاو و قەڵـەم فرۆشێکیشـیان لـە دەوری خۆیـان کۆکردبـووەوە، ئالـەو رۆژە نگریسـانەدا بەشـێك لـە تـین و تـەوژمی خـەباتی ئازادیخوازانـە و وەرەی خـەڵکێکی بریندار و شەکەت، بەڵام خۆڕاگر، ئەمجارەیان بوو بە شیعر و چیرۆك و توێژینـەوە و بوو بە رەشـی سەرسپیایی کاغـەز و شـتێکی لێ کەوتـەوە کـە زۆر زوو بـوو بـە سـەنگەری ئەوکاتی بەرخۆدان، کە رەنگە...

ل۲

## • سەرکەوتنی کرێکارانی رستنو چنینی سنە

رۆژی پێنج شەممە ۱۵ی بەفرانبار، بە دوای وت و وێـژی نوێنـەری نێـردراوی وەزارەتی کار و نوێنەری کرێکاران، کە بە بەشـداری نوێنـەری پارێزگـای کوردستان بەڕێوە چوو، لە ژێر گوشار و خۆڕاگری کرێکارانـدا، کارفـەرما بـەڵێنی دا: ۱_ گرینگیەکی زیاتر بدات بە پاك و خاوێنی ئەم کارخانەیە و لـەم بارەوە لـە زووتـرین کاتدا هـەنگاوی بـەکردەوە هەڵـدەگرێ.۲_ بە جێگای مزەی یەك مانگ لە بەرابەر یەك ساڵ کار کردندا، دەبێ مزەی سێ مانگ بـدات بـە کرێکـاران.۳_دەبـێ گەڵاڵـەی دابەش کردنی پیشەکان بە زووترین کات بـەڕێوە بچـێت و لەمبارەیـەوە هـەنگاوی عەمـەلی بـۆ هـەڵبگیرێت. ٤_ هـەموو کرێکـارانی قـەراردادی بکرێنـە ٦ مانگـە. ٥_خـاوەن کـار قـەولی دا دەسـت لـە دەرکردنی کرێکاران هەڵبگرێ.

بـەمجۆرە شـیفتی شـەوانە چـوونەوە سەر کارەکانیان و دەس کەوتێکی تریش بـۆ کرێکـارانی ئێـران و کرێکـارانی رستن‌وچنینی کوردستان مسۆگەر بوو.

## • وت‌ووێژی خوێنەرانی سایتی "دیمانە" لەگەڵ هاوڕێ عەبدوڵڵای موهتەدی سکرتێری گشتیی کۆمەڵە... ل٤

• سیاسەتی سەرمایەگوزاری نەکردن لە..._ فەراز رەها ل۷
• ئەدەب و هونەری شۆڕش ل۹و۸
• کۆنگرەی ژنی کورد لە تاران و... _فەریبا محەمەدی ل۱۰
• کورد و فێمینیزم (۱)... _ مستەفا زاهیدی ل۱۱و۱۰
• پێناسەیەکی کورت بۆ چەمکی... _فارووق وەکیلی ل۱٤و۱۳
• کێ‌تاوانبارە؟ _ئەردەڵانی فەرەجی ل۱٥

*راگەیاندنی سکرتاریەتی کۆمەڵە دەربارەی:*

# چاو پێکەوتنی هەیئەتی رێبەرایەتی کۆمەڵە لەگەڵ سەرکردایەتی حیزبی شیووعی کوردستان



رۆژی یەکشـەممە رێکـەوتی ١٦ ی ژانوییـەی ٢٠٠٥ هەیئـەتێکی رێبەرایـەتی کۆمەڵـە کـە پێکهـاتوو لـە هاوڕێیـان عەبـدوڵڵا موهتـەدی سکرتێری گشتیی کۆمەڵە، عومەر ئێلخانیزادە و عەبدوڵڵای کۆنەپۆشی ئەندامی دەفتەری سیاسی و عەبدوڵڵا عـەزیمی ئەنـدامی کۆمیتـەی ناوەنـدی و نەویـدی مێهرئاوەر جێگری کۆمیتەی ناوندی سەردانی بارەگای مەکتەبی سیاسی حیزبی شیووعی کوردستانیان کرد لە شاری هەولێر کە زۆر بە گەرمی لە لایەن هەیئەتێکی سەرکردایەتی حیزبی شیووعی کوردستانەوە پێشوازییان لێکرا کە پێکهاتبوون لە بەڕێزان:

کەمال شاکر سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی و بەڕێزان حەیدەر شێخ عەلی مامۆستا رەوەند سوبحی مەهدی ئەندامی دەفتەری سیاسی و بەڕێزان مامۆستا قادر، کاك سرور و ئەحمەد شیروانی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی، کاك ئەبوو دڵشاد ئەندامی مەکتەبی پەیوەندییەکانی ناوەندی.

پێویستە بگوترێ لە سەرەتای دانیشتنەکەدا مامۆستا کەریم ئەحمەد سکرتێری پێشووی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی شیووعی کوردستان بەشدار بوو.

لەم دانیشتنەدا کە نزیکەی ۳ سەعاتی خایاند، بە تێرو تەسەلی لە سەر هەل و مەرجی ئێستای کوردستان و عێراق وناوچەکە قسەوباس کراو بە تایبەتی سەبارەت بە هەڵبژاردنەکانی ئەم دواییانەی عێراق قسەوباس و ئاڵ و گۆڕی بیروڕا کرا.

لە تەوەرێکی دیکەی کۆبوونەوەکەدا لە سەر پێوەندی دوو لایەنەی حیزبی شیووعی کوردستان و کۆمەڵە قسەکرا و هەرتك لا لەسەر پێویستی بەردەوام بوونی ئەم چاوپێکەوتن و دانیشتنانە پێداگرییان کرد.

هەیئەتی رێبەرایەتیی کۆمەڵە پاش ئەم چاوپێکەوتنە لە کەش و هەوایەکی زۆر گەرم و دۆستانەدا لە لایەن هەیئەتی حیزبی شیووعی کوردستانەوە بەڕێ کرا.

سکرتاریەتی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران
١٧ ی ژانوییەی ٢٠٠٥_ ٢٨ی بەفرانباری ١٣٨٣

# پیلانگێڕی کۆماری ئیسلامی لە هەڵبژاردنەکانی عێراقدا مەحکوومە

لە درێژەی پیلانگێڕییەکانی کۆماری ئیسلامی دژ بە خەڵکی عێراق و بەتایبەتی گەلی کورد، کاربەدەستانی رژیم نەیانهێشتووە سندووقی دەنگدان بۆ کوردە عێراقییەکان، لە ئۆستانی کوردستان کە زۆرینەی کوردەکانی عێراق تێیدا نیشتەجێن، دابندرێ و بەمجۆرە چەندین هەزار کەس کوردی عێراقی لە دەنگدان وەلا دەنرێن. ئەمە لە حاڵێکدایە کە سەرچاوە ئاگادارەکان چەندین مانگە باس لە دەست تێوەردانەکانی کۆماری ئیسلامی لە عێراقدا دەکەن و ئەو رژیمە بە یەکێك لە پاڵپشتانی تیرۆریزمی ناو عێراق دەناسرێ.

ئێمە ئەو کردەوەی کۆماری ئیسلامی و زۆر حەول‌وتەقالای لەم چەشنە دژ بە کوردەکانی عێراق دەزانین و مەحکوومی دەکەین و هەر لێرەوە رادەگەیەنین کە هەموو رێکخستن، هاوڕێیان و دۆستانی کۆمەڵە لە دەرەوە و ناوەوەی کوردستان ئامادەن بۆ پێشکەش کردنی هەر چەشنە هاسانکاری و یارمەتییەکی ئەو خەڵکە کوردەی کە بیانهەوێ لە هەڵبژاردنەکانی عێراقدا بەشداری بکەن. ئێمە پێمان وایە ئەوە مافی هەر تاکە کەسێکە کە خۆی بڕیاربدا چۆن دەنگی خۆی بەکار بێنێ و رێگرتن لەو کارە بە کردەوەیەکی دژی دێمۆکراسی دەزانین.

سکرتاریەتی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران
٥ی رێبەندانی ١٣٨٣ی هەتاوی _ ٢٤ی ژانوییەی ٢٠٠٥ ی زایینی

... گرینگی و گەورەییەکەی تەنانەت لە هەست ونەستی داهێنەرانیشیدا بە تەواوی دیارنەبووبێ. نە ڕێکخستنی گۆڤاری کوردی دەستەمۆ، نە پێکەوەنانی ئەنستیتۆی فەرمایشی و نە چاپ و بڵاوکردنەوەی بە لێشاوی ئەدەبیاتی دوورەپەرێز و نامۆ لە سیاسەت، هیچکامیان نەیانتوانی ئەم رەوتە ئەدەبی و رووناکبیرییە لە جەماوەر و داخوازییەکانی ئەوکاتی بزووتنەوەی کوردستان و لە پێشکەوتنخوازی دابڕن و ئەوجۆرەی مەبەستیان بوو بێ ناوەرۆکی بکەن.

به پێچەوانەی ویست و پلانی دەسەڵات و سەرەڕای زۆر داووتەڵەی سەر ڕێگای ئەم بزاڤە، رەوتی فەرهەنگی و رووناکبیری لە رۆژهەڵات، سەرەڕای برینی هێندێك هەورازونشێو و تووش، بوون لەگەڵ هێندێك سەرەنگرێ، بە ئاشکرا بوو بە سەنگەرێك بۆ ناساندنی بزووتنەوەی کورد و مێژووە سیاسییەکەی، بوو بە مایەی لێك نزیکبوونەوە و دامەزرانی دیالۆگی نێوان ئێلیتی ناوچە جیاجیاکانی کوردستان و بووە هۆی گەشەی شیعر و ئەدەب و پێگرتنی زۆر کۆڕوکۆمەڵی هزری و هونەری و، بە گشتی بڕوابەخۆیی و هیوایەکی نوێی هێنایەوە ناو مەیدان و هێدی هێدی پاك وپیس لێك هەڵاوێردران و فاکتەری بزاڤی رۆشنبیری لە خەباتی ئازادیخوازانەی ئەو سەردەمەدا زۆرتر جێی خۆی کردەوە و بووە مایەی نیگەرانی دەسەڵاتداران.
هەربۆیە بە خۆیان و دەست-وپێوەندەکانیانەوە کەوتنەگەڕ تا بەڵکوو بتوانن شێوەکاریان لەم بووارەدا بگۆڕن و خۆیان لەگەڵ ئاڵوگۆڕەکان بگونجێنن.
ئەمجار بوون بە دڵسۆزی کورد، بوون بە ئۆپۆزیسیۆن و ئیسلاحخواز و لە بوواری ئەدەبیشدا بوونە پارێزەری زمان و ئەدەبی "بێخەوشی" کوردی و دەستیانکرد بە زگەدڕێ تا نەهێڵن سیاسەت تێکەڵاوی زمان بێ و لە گەوهەری کەم بکاتەوە، بەڵکوو ئەمجارە لەو ڕێگەیەوە بزووتنەوەی سیاسی و رزگاریخوازی کوردستان دەستەمۆ و بێئازار بکرێت و رووناکبیریش لە جەماوەر دابڕێ.

راستی ئەوەیە کە لە بێنەوبەرەی ئەم چەند ساڵەدا سەرەچەرمەکە ئاوبردی و تەرازووی هێز گۆڕاو، ئیتر رەوتی رووناکبیریی خوازیاری پێشکەوتن و گۆڕانیش، دەستەومستی خۆی ناسیبوو و بە هاسان لە مەیدان دەرنەدەکرا و هێڵی پێ نەدەگۆڕدرا و نەدەکرا چیتر بە لاڕێدا ببرێ، هەر بۆیەشە کە دەبینین سیاسەتی ترس و تۆقاندنی رووناکبیران و هەڵسوڕاوانی بوواری کەلتووری و کۆمەڵایەتی، ماوەیەکە زیادی کردووە و دەزگاکانی داپڵۆسینی کۆماری ئیسلامی کەوتوونەخۆ و هەر رۆژە و کەسانێك دەکێشنە بەر گیروگاز. زۆر کەس دەپرسن تۆبڵێی هۆی ئەو رەفتارە ئەوەبێ کە تەرازووی هێز بە قازانجی رژیم گۆڕابێ و هەلەکە لە قازانجی خۆیان ببینن؟ وەڵامی ئێمە بەم پرسیارە "نا"یە، راست بە پێچەوانەوە، چونکە کونترۆڵی فیکری و چالاکیی رەوتی رۆشنبیرییان لەدەست دەرچووەو شکستی ئەخلاقی و ئیدیۆلۆژیکی شێرەبەفرینەکانی دوێنێ و ئەوڕۆیان دەبینن و بە بەرچاویشیانەوە ئەم بزووتنەوەیە بەرەو دێمۆکراسی، پێشکەوتنخوازی، پارێزگاری لە مافەکانی مرۆڤ و ئازادییە سیاسی و ئینسانییەکان هەنگاو هەڵدەگرێ و بە ئاشکرا سنووری بڤەکانی بەزاندووە و، تێکەڵاوی ویست و ئارەزووی گشتیی خەڵك و بزووتنەوە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان بووە و سۆز و پشتیوانییانی بەرەو خۆی راکێشاوە.
هەموو ئەم دیاردانە سەلمێنەری ئەو راستییەن کە قۆناغێکی نوێ لە بزووتنەوەی رووناکبیریدا دەستی پێکردووە کە تێیدا هەم ئەرکی تازە دەکەوێتە ئەستۆی هەڵسووڕاوانی ئەم بووارە و هەم شێوەکانی کار و چالاکیش پێویستە گۆڕانیان تێدا بکرێ.

بێگومان وەرچەرخانی هەرچی زۆرتری گوتاری رووناکبیری لە کوردستانی ڕوژهەڵات بە باری سێکۆلاریزم و دێمۆکراسیدا، نەك هەر دەسەڵاتی ئاڵۆز کردووە، تەنانەت لەسەر ریزبەندی ناوخۆیی ئەم بزاڤەش کاریگەر بووە و زۆرینەی هێناوەتە سەر ئەو باوەڕەی کە پێویستە بە روونی ریزی خۆیان لەوانەی سەرێکیان لە ئاخوڕی ئیسلامیدایە، جیابکەنەوە. دەسەڵاتیش هەستی بەو نافەرمانی و دژایەتییە کردووە و هەر ئەوەش هۆیەکی‌تری ئەو گوشارەیە کە دەخرێتە سەر هەڵسوڕاوانی بوواری کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی تا بەڵکوو بتوانن پاشەکشەیان پێبکەن‌و حورمەتیان پێشێل بکەن. بۆ روبەڕو بوونەوە لەگەڵ ئەم وەزعە چی بکرێ؟

هەڵسەنگاندنی وردبینانە و ژیرانە پێمان دەڵێ کە بە زۆر هۆی ناوخۆیی و دەرەکی، دوژمن توانایی سەرکوتی بەرفراوان و بە زەبری نییە، کوردستان و بیروڕای گشتی بەرامبەر بە ملهوڕیی رژیم بێدەنگ نامێنن و خەڵك ترسیان بە رادەیەکی زۆر شکاوەو پشتگیری لە خۆڕاگری و خەبات دەکەن. بێگومان سیاسەتی سەرکوت دەبێتە هۆی بەربەرەکانێی زیاتر لەگەڵ کۆماری ئیسلامی و پشتیوانی زۆرتر لەم رەوتە و لە کەسایەتیی رووناکبیران. بۆیە پێمان وایە دەکرێ و دەگونجێ بە ئاشکراییەکی زۆرترەوە، لە چوارچێوەی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتیدا پەرە بە نافەرمانی بدرێ و هەوڵ بدەین بە یەکگرتوویی و خۆڕاگری، لە دژی سیاسەتی راوەدوونانی هەڵسووڕاوانی ئەم بووارانە دەنگ هەڵبڕین و راشکاوانە لە میدیا و راگەیەنە گشتییەکانەوە لەسەر هەر تاکە کەسێك وەجواب بێین و پشتگیریان لێبکەین. رەنگە کەسانێك بۆ کورت ماوە تەنانەت بگیرێن و زەختیان بخرێتە سەر، بەڵام دەناسرێن و نێو دەردەکەن و رای گشتی و دنیای دەرەوەش لەسەریان وەجواب دێت و تەنیا نامێننەوە. کورد گوتەنی شەڕونیوەشەڕ هەر یەکن و لەم قۆناغەدا بزووتنەوەی رووناکبیری لە کوردستان یان سەنگەر لە دەست دەدا، یان بە خۆڕاگری سەنگەری قایمتر و تازەتر دەستەبەر دەکا و، هەنگاوێك بەرەو پێش داوێ. لام وایە تەرازووی هێز لەم هەل‌ومەرجەدا دەخوازێ بۆ پاراستنی دەسکەوتەکانی تا ئێستا و بۆ بەرپەرچدانەوەی سیاسەتی رژیم، بویرانە و لە چوارچێوەی هەموو یاساکانی خەباتێکی ئاشکرادا پێداگری بکەین لەسەر سەربەخۆیی بزاڤی رۆشنبیری، رۆژنامەگەری، کۆمەڵایەتی و کەلتوری لە کوردستان. با دەیان هەڵسووڕاوی بوواری ژنان، ژینگە، مافی مروڤ، هونەر و ئەدەب و رێکخراوە کرێکاری و پیشەییەکان و هتد...لە هەموو شارەکانی کوردستان سەرهەڵێنن و لەم بووارانەدا ببنە وتەبێژ، تەنیا لەوحاڵە دایە کە تەنانەت خۆشیان پارێزراو دەبن و ناکرێ بە هاسان بکەونە بەر شاڵاوی دەزگا سیخورییەکانی رژیم.

****

**• به پێچەوانەی ویست و پلانی دەسەڵات و سەرەڕای زۆر داوو تەڵەی چێندراو لە سەر رێگای بزاڤی رووناکبیری، رەوتی فەرهەنگی و رووناکبیری لە رۆژهەڵات، سەرەڕای پێوانی هێندێك هەورازونشێو، تووش بوونی هێندێك سەرەنگرێ، بەڵام بە ئاشکرا بوو بە سەنگەرێك بۆ ناساندنی بزووتنەوەی کورد و مێژووە سیاسییەکەی، بوو بە مایەی لێك نزیکبوونەوە و دامەزرانی دیالۆگی نێوان ئێلیتی ناوچە جیاجیاکانی کوردستان و بووە هۆی گەشەی شیعر و ئەدەب و پێگرتنی زۆر کۆڕوکۆمەڵی هزری و هونەری و، بە گشتی بڕوابەخۆ و هیوایەکی نوێی هێنایەوە ناو مەیدان و هێدی هێدی پاك وپیس لێك هەڵاوێردران و فاکتەری بزاڤی رۆشنبیری لە خەباتی ئازادیخوازانەی ئەم سەردەمەدا زۆرتر جێی خۆی کردەوە و بووە مایەی نیگەرانی دەسەڵاتداران و، بۆیە بە خۆیان و دەست وپێوەندەکانیانەوە کەوتنەگەڕ تا بەڵکو بتوانن شێوەکاریان لەم بووارەدا بگۆڕن و خۆیان لەگەڵ ئاڵوگۆڕەکان بگونجێنن.**

# سەرکەوتوو بێ بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی گەلی کورد

# هەواڵەکان

## • دوو ژن لە شاری بۆکان خۆیان دەکوژن

ڕۆژی پێنج شەممە ٢٠٠٥/١/٦ ژنێک بە ناوی (فاتیمە ئیبراهیم نژاد) بە هۆیەك کە هێشتا روون نەبۆتەوە، لە میراوای بۆکان خۆی کوشتووە.

هەروەها لە ڕۆژی یەکشەممە (٢٠٠٥/١/٩) ژنێکی تر بە ناوی خەدیجە چووپانی خەڵکی پاشبلاخ، بە هۆی ئەوە کە ویستوویانە بە زۆر بە شووی بدەن، خۆی کوشتووە. ئێمە وێڕای مەحکووم کردنی ئەو داب و نەریتە کۆنە کۆمەڵاتیانە کە دەبێتە هۆی ئەوە کە ژنان دەست بۆ خۆکوژی بەرن ، لە هەمان کاتدا داخ و کەسەری خۆمان بەرانبەر بە مەرگی خەدیجە و فاتیمە دەردەبڕین و سەرەخۆشی لە هەموو کەس و کاریان دەکەین.

خۆکوژی و خۆسووتاندنی ژنان یەکێك لە دیاردە دزێوەکانی ناو کۆمەڵگای ئێمەیە کە بەهاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی و یاسا گەندەڵەکانی پەرەی ئەستاندووە. ئەزیەت و ئازاری ژنان و کچان، زۆر لێکردنیان لە پەیوەندی هاوسەری و داب و نەریتی کۆن هۆکاری سەرەکی خۆکوژی ژنانە.

خەبات بە دژی ئەم ستەم و زوڵمانە ئەرکی هەموو ئینسانێکی ئازادیخواز و پێشکەوتووە و ئەرکێکی گرینگی هەمووانە بۆ رزگاری ژنان.

## • ٤٠٪ی خەڵکی کوردستان بێکارن

بە پێی ئامارێکی غەیرە رەسمی، ڕێژەی بێکاری لە ٣ پارێزگای ئێران کە کوردی تێدا نیشتە جێیە، لە باقی پارێزگاکانی‌تری ئێران زۆرترە. بە پێی ئەم ئامارە لە سەدا ٤٠ی خەڵکی ئەم ناوچانە بێکارن. هەروەها بە پێی ئامار، ڕێژەی خۆکوژی لەم سێ پارێزگایە لە باقی پارێزگاکانی‌تر زیاترە و پارێزگای ئیلام لە گشت ئێراندا پلەی یەکەمی هەیە. کارناسان باوەڕیان وایە کە لە نێوان بێکاری و خۆکوژیدا پەیوەندیەکی چڕ و پڕ هەیە.

بە پێی سیاسەتێکی بەرنامە بۆ دارێژراو لە لایەن کۆما ری ئیسلامییەوە ناوچە کورد نشینەکان، لە بواری ئابووری و پیشەسازیەوە دواکەوتووترن و لە درێژەی سیاسەتێکی دژە کرێکاری رژێم، واتە هێنانە دەری ئەو کارگایانە کە کەمتر لە پێنج کرێکاریان هەیە، لە ژێر یاسای کار، گوشارێکی یەکجار زۆر کەوتە سەر کرێکارانی کوردستان و ئەمە بۆ خۆی بووە هۆی پەرەسەندنی بێکاری زیاتر لەم ناوچەیە، کە یەکێك لە ئاکامەکانی خۆکوژیە.

## • کوژرانی لاوێك لە شاری سنە، بە دەستی هێزە ئینتیزامییەکان لەو شارە

بە پێی راپۆرتی کۆمیتەی پەیوەندەیەکان و هەواڵنێری یەکێتی لاوانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە شاری سنە، لاوێك بە ناوی ئەفشین کە بۆ دیفاع لە کچێك، کەوتبووە بەر ئازار و سووکایەتی هێزە ئینتیزامییەکانی ئەو شارە، لەگەڵ ئەو هێزانە دەرگیر دەبێت و هێزە سەرکوتگەرەکانی رژێم تەقەی لێدەکەن و لە ئاکامدا ئەفشین بە توندی بریندار دەبێت و دوای چەند ڕۆژ مانەوە لە نەخۆشخانە، بە داخەوە گیانی لە دەست دەدات.

پێویستە بگوترێ کە تەنیا لە نیوەی یەکەمی ساڵی ١٣٨٣وە نزیك بە ١٠٩ کەس لە هیچ و بە خۆڕایی بە دەست ئەم هێزە سەرکوت کەرانە گیانیان لە دەست داوە.

## • کوژرانی کاسبکارێکی زەحمەتکێش لە ناوچەی سەلاسی باوەجانی

بە پێی ئەو هەواڵەی کە بە دەستمان گەیشتووە، شەوی٢٩ی بەفرانباری ئەمساڵ، کەسێك بە ناوی (عەلی موورادی) ناسراو بە عەلی مەلا مەحموود کە خاوەن شەش منداڵە و لە بەر نەبوونی کار و پیشەی گونجاو بۆ دابین کردنی ژیانی خۆی و بنەماڵەکەی پەنای هێناوە بە کاسبی کردنی سەرسنوور، لە نزیك ئاوایی (بانەدار) کەوتۆتە کەمینی هێزکانی سپای پاسداران، ئەم هێزانە تەقە لە کاك عەلی دەکەن و لە ئاکامی ئەم تەقە لێکردنەدا بە توندی بریندار دەبێ. هێزەکانی رژێم تەرمی نیوەگیانی ئەو کاسبکارە بە جێ دەهێڵن. خەڵکی ئەو ئاواییە ئاگادار دەبن و بە خێرایی دەیبەن بۆ نەخۆشخانەیەك لە شاری کرماشان. بەڵام بە هۆی ئەوە کە خوێنی زۆری لە بەر ڕۆیی بوو، بە داخەوە دوای چەند سەعات گیانی لە دەست دا.

## • یارمەتی کردنی گرووپە تێرۆریستییەکانی ناو خاکی عێراق لە لایەن ( کۆماری ئیسلامی و سووریە )وە

ئێمە لە ماوەی رابوردوودا چ لە رادیۆ و چ لە بڵاوکراوەکانی خۆمانەوە بارها باسمان لە دەست تێوەردانی کۆماری ئیسلامی لە کار و باری عێراق کردووە و لە ژمارەکانی پێشووی گۆڤاری شۆڕش دا باسمان لە دەست پێکردنی چالاکی گرووپێکی تێرۆریستیی کۆماری ئیسلامی بە ناوی (سپای سەربەرزی محەمەد) کرد و وتمان کە کاری ئەم گرووپە تێرۆریستییە خۆتەقاندنەوەیە لە ناو خاکی عێراق.

لەو پەیوەندەیەدا، ڕۆژی هەینی رابوردوو(٢٠٠٥/١/٧)، وەزیری بەرگری دەوڵەتی کاتی عێراق رایگەیاند کە بەڵگەی سەلمێنەرمان بە دەستەوەیە کە کۆماری ئیسلامی و دەوڵەتی سوریە یارمەتی گرووپە تێرۆریستییەکانی ناو خاکی عێراق دەکەن. ناو براو کاسێتێکی ویدیۆیی پیشانی هەواڵنێران داو و گوتی: ئەم کاسێتە، لە کاتی دەسبەسەردا گرتنی سەرکردەی سپای محەمەدەوە، دەستمان کەوتووە. بە پێی قسەکانی (حازم شەعلان)، ئەم کەسە کە خۆی بە سەرهەنگی (موید یاسین عزیزالناسری) کە یەکێکە لە ئەفسەرەکانی ئەرتەشی تێك رووخاوی سەردام، دەزانێ، دانی بەوەدا ناوە کە لە لایەن (کۆماری ئیسلامی و دەوڵەتی سووریە)وە پارە و چەك و تەقەمەنی وەرگرتووە.

## • لە مانگی بەفرانباردا، ٣٠٠٠ هەزار کەسی‌تر بە ڕێژەی گیرۆدە بووان بە ئیدز، لە ئێران زیادی کردووە

بە وتەی بەرپرسی ناوەندی بەڕێوەبردنی نەخۆشییەکانی وەزارەتی بێهداشت ، ئاماری گیرۆدە بووان بە ڤیرووسی ئیدز لە پاییزی رابوردوودا ٧ هەزار و ٥١٠ کەس بووە و ئەم ئامارە لە مانگی بەفرانباردا گەیشتۆتە ٩ هەزار و ٨٠٠ کەس. لە سەرەتای مانگی رەزبەری ئەم ساڵەوە هەتا مانگی بەفرانبار، ٣٨ کەس گیرۆدە بوو بەم ڤیرووسە گیانیان لە دەست داوە.

## • تاقمێکی سیخوڕی سەر بە کۆماری ئیسلامی لە عێراق قۆڵبەست کران

بە مەبەستی هێرش کردنە سەر هێزەکانی مۆجاهیدینی خەڵك لە ناو خاکی عێراق، دەزگای ئیدارەی ئیتلاعاتی کۆماری ئیسلامی دەستی داوەتە هەندێ جم و جۆڵی تێرۆریستی. لەم پەیوەندی دا ناوەندێکی ئەمنییەتی عێراق دوو کەسی بە ناوەکانی حەسەن جومعە و نەشئەت خوسەنی قۆڵبەست کردووە. ئەم دوو کەسە دانیان بەوەدا ناوە کە بۆ ئەنجام دانی ئەم پیلانە لە باڵوێزخانەی ئێران لە عێراق لەگەڵ ئەفسەرێکی ئیتلاعاتی چاوپێکەوتنیان بووە و ڕێنمایی پێویستیان بۆ ئەم کارە لەوێوە وەرگرتووە.

## • مانگرتنی زیندانیانی سیاسی لە زیندانی "رەجائی شەهر"

بەپێێ وتەی سایتی ڕۆشنگەری کۆمیتەی خوێندکارانی داکۆکی‌کردن لە زیندانیانی سیاسی ڕۆژی دوو شەممە ٥ی ڕێبەندان ٦ کەس لە زیندانیانی سیاسی لە ئیعتراز بە جیانەکردنەوەی تاوانەکان و بەڕێوەنەبردنی گەڵاڵەی پۆلێن نەکردنی زیندان و زیندانییەکان دەستیان داوەتە مانگرتن.

ڕژیمی کۆماری ئیسلامی لە گواستنەوەی زیندانیانی سیاسی بۆ ئەم شوێنە کە جەردە و پیاوکوژانیشی تێدا زیندانین، مەبەستێکی جگە لە ئازار و ئەشکەنجەدانی ڕۆحی و پاشەکشە پێ‌کردن لە سەر هەڵوێستەکانیان نییە.

بینا داراب زەند، ئەرژەنگ داوودی، حوجەتی زەمانی، مێهردادی لەهراسبی، فەرزاد حەمیدی و جەعفەری ئێقدامی کە لە چەند بەندی جیا لە زینداندا زیندانین لە هەوڵێکی یەکگرتووانەدا لە زیندانی رەجائی‌شاری کەرج دەستیان داوەتە مانگرتنێکی بەرین.

زیندانی رەجائی‌شاری کەرج یەکێك لە گرتووخانەکانی رژێمە کە بۆ خستنە ژێر گوشاری زیندانیانی سیاسی کەڵکی لێوەردەگیرێ. ئەم زیندانە ئیعدامەکانی ساڵی ١٣٦٧ بە خۆیەوە بینیوە.

ئەم زیندانە لە زوربەی بەندەکانی، کڕین و فرۆشتنی مادده سڕکەرەکان و دەستدرێژی کردنە سەر گەنجانی کەم تەمەن و لاواز کە توانستی داکۆکی‌کردن لە خۆیان نییە بە هاسانی ئەنجام دەدرێ.

***خوێنەرانی هێژا: لەم بەشەدا وت وویژی خوێنەرانی سایتی "دیمانە" لەگەڵ هاوڕێ عەبدوڵڵای موهتەدی سکرتێری گشتیی کۆمەڵە بڵاو دەکەینەوە. بە هۆی ئەوەی کە ئەم وت وویژە زۆر بوو و لەهەمان کاتدا هەم لە سایتەکانی کۆمەڵە و هەم لەم نامیلکەیەکدا بڵاوبۆتەوە، بەشێك لەم وت وویژە کە روونکردنەوەی سیاسەتەکانی کۆمەڵە لە بووارە جۆراوجۆرەکاندایە،لە شۆڕشدا دەهێنین.***

## • سکرتێری گشتیی کۆمەڵە: ئێمە هیچ وت و وێژێکمان لە سەر مەسەلەی حیزبی خۆمان لەگەڵ کۆماری ئیسلامی نیە و هەمیشە داوامان کردووە: ئەو گفتگۆیانە دەبێ رەسمی بن، دەبێ لە سەر کێشەی کورد لە کوردستانی ئێران و داخوازیەکانی گەلی کورد بن.

***بۆچی کۆمەڵە دەگەڵ باڵەکەی تر تێکەڵ نابێتەوە تا رێگە بۆ بەرەی کوردستانی خۆش بێت؟ ڕەحیم***

***_عەبدوڵڵای موهتەدی:*** لە وەڵامی ئەو بەڕێزەدا دەبێ بڵێم کەکۆمەڵە هەمیشە ئامادەیی خۆی راگەیاندووە کە لەگەڵ ئەو بەشە لە تێکۆشەرانی کۆمەڵە کە هێشتا لە حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و لە سازمانی کوردستانی ئەو حیزبەدا ماونەتەوە مەسەلەی یەکگرتنەوە بخاتە بەر باس و لێکۆڵینەوە و بە پێچەوانەوە ئەوان خۆیان لێ بواردووە. بەڵام مەرجی سەرەکی ئەم بە قەولی جەنابت تێکەڵ بوونەوەیە ئەوەیە کەدەبێ لە ژێر نێوی کۆمەڵەدا بێت. ئاشکرایە کە ئێمە ناچینەوە ناو حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و ئەو پرۆژەیە بە شکست خواردوو و بێئاکام و زیانبار دەزانین.ئەمە مەسەلەی ناو و قەوارە. جگە لەوە، ئەوان لە سیاسەتی رەسمیی خۆیاندا بە داخەوە هەر هاتووە و زۆرتر لە روانگەو بۆچوونەکانی کۆمۆنیزمی کرێکاری نزیك بوونەتەوە. ئەوان بە پێچەوانەی هەموو باوەڕ و بەهاکانی لە مێژینەی کۆمەڵە، بایەخێك بە دێمۆکراسی و خەبات بۆ دێمۆکراسی نادەن، بایەخێك بە کێشەی کورد و خەباتی ئازادیبەخشی گەلی کورد نادەن،بە ئاشکرا و لەهەموو دەرفەتێکدا دژی فێدرالیزم و هەر چەشنە بەرنامەیەك بۆ چارەسەری کێشەی نەتەوەیی لە کوردستان تەبلیغ دەکەن،دەڵێن کرماشان و ئیلام کوردستانن، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندییان بە گاڵتە پێمان دەڵێ بە تەمان خەلیجی فارسیش بکەن بە کورد، دژی بەرەی کوردستانین و لە سەریان نووسیوە، دژی ئەزموونی کوردستانی باشوورن و حەز بە فەوتانی دەکەن و بە گشتی رۆژ لەگەڵ رۆژ زیاتر لە بزووتنەوەی کوردستان نامۆ دەبن. لەبەر ئەوە ئەو یەکگرتنەوەیە دەبێ هەم دەستهەڵگرتنی ئەوانی لە ناو و قەوارەی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران تێدا بێت، هەم لە زۆرێك لە روانگە و سیاسەتەکانی ئەو حیزبە.

***_تکایە سەبارەت بە وت و وێژی جەنابت لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران، بۆمان روون بکە کە ئەم پڕو پاگەندە تا چ رادەیەك راستن؟ ئاکامەکەی بوو بە چی؟ سوپاس. عەلی***

***هاوڕێ عەبدوڵڵای موهتەدی:*** سەبارەت بەم پرسیارە دەبێ بڵێم بەڵێ، راستە ئێمە نزیك دوو ساڵێك پێش ئێستا یەك جار چاوپێکەوتنمان لەگەڵ نوێنەرانی کۆماری ئیسلامی هەبووە. ئێمە پێشتریش لەم بارەیەوە باسمان کردووە. بۆ نموونە کاك ئەبووبەکری مودەریسی لە وت و وێژ لەگەڵ رادیۆ زرێبار لە ستۆکهۆڵم لەم بارەیەوە بە راشکاوانە دواوە. ئێستاش لە وەڵامدا بۆتان باس دەکەم، با هەم ئێوە وەڵامتان وەرگرتبێتەوە و هەمیش ئەو چەواشەکارییانەی دەکرێ بڕەوێنەوە.

پێشەکی ئەوە بڵێم کە وت و وێژی رەسمی کە کۆمەڵە لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران کردوویەتی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی دوای شۆڕشی ئێران. لەو سەردەمەدا، چ لە مهاباد، چ لە نەغەدە، چ لە سنە بە دوای نەورۆزی خوێناویدا و چ لە چوار چێوەی هەیئەتی نوێنەرایەتی گەلی کوردا بارها ئێمە وت و وێژمان لەگەڵ نوێنەرانی کۆماری ئیسلامی کردووە. لەو کاتەوە تا ئێستا، ئەوەی دوو



ساڵ لەوە پێشی بەدەر ئێمە هیچ وت و وێژێکمان نەبووە، بەڵام کۆماری ئیسلامی بارها، بە تایبەتی لە چوار پێنج ساڵی رابوردوودا رای سپاردووە بۆ وت و وێژ کە ئێمە هەمیشە داوامان کردووە: ئەو گفتگۆیانە دەبێ رەسمی بن، دەبێ لە سەر کێشەی کورد لە کوردستانی ئێران و داخوازیەکانی گەلی کورد بن و ئێمە هیچ وت و وێژێکمان لە سەر مەسەلەی حیزبی خۆمان لەگەڵ کۆماری ئیسلامی نییە.

ئێمە دوای ماوەیەکی زیاتر لە ساڵێك راسپاردە و داواکاری لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە بە مەبەستی تاوتوێ کردنی ئەو باسە و دیاری کردنی ئەو باسە و دیاری کردنی سیاسەتێکی روون و پەسەند کراو مەسەلەکەمان خستە دەستووری کاری کۆمیتەی ناوەندی و دەقی بڕیارنامەیەکمان لەمبارەیەوە ئامادە کرد کە تێیدا وێڕای دەست نیشان کردنەوەی ئوسول و پرنسیپەکان، هەڵسەنگاندنێکی بارودۆخی سیاسی و مەرجەکان و شێوەی هەڵسووکەوتی کۆمەڵەی تێدا دیاری کرابوو. ئەم بڕیارنامە ناوخۆییەی کۆمیتەی ناوەندی پاش لێکۆڵینەوە وەرگرتنی تێبینییەکان، بە کۆی دەنگی هەموو ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی پەسەند کراو بەمجۆرە کارێکی وامان کرد کە چوار چێوەیەکی دروست و پتەو دابمەزرێ کە بەو پێیە ناوەرۆکی هەڵوێستی کۆمەڵە و پرۆسەی ئەم دانوستاندنە لە هەر هەل و مەرجێکدا بۆ هەمووان قابیلی دیفاع بێ و بتوانرێت بە ئاشکرا بە رای گشتی رابگەیەندرێ. ئێمە بەوەشەوە نەوەستاین و لە ناو ریزەکانی ئەندامان لە چەندین جەلەسەدا ناوەرۆکی ئەو بڕیارنامەیەمان دایە بەر باس و لێکۆڵینەوە تا هەم نەزەریان ببیستین و هەم لە ئەگەری دانوستاندنێکدا هەموو ئەندامان ئاگادار و تەیار بن. هەروەها پرسمان بە بەعزێك لە کادرەکانی خۆمان لە رێکخستنی نهێنی ناو کوردستانیش کرد و مەسەلەکەمان لەگەڵیان هێنایە گۆڕێ. بێجگە لەوانە، ئێمە لە چەندین کۆڕ و کۆمەڵ لە دەرەوەی وڵات و لەوانە بە تایبەت لە دوو دانیشتنی ئاشکرا لە ستۆکهۆڵم کە یەکێکیان لە لایەن خۆمەوە و یەکێکیان لە لایەن هاوڕێ عومەری ئێلخانیزادەوە بەڕێوە چوو، لەگەڵ دۆستان و کەسایەتییە سیاسییەکان باسەکەمان هێنایە گۆڕێ کە تەنانەت رادیۆ زایەڵەش لەم بارەیەوە وت و وێژێکی لەگەڵ من ساز کرد.

لەگەڵ حیزبی دێمۆکراتیش مەسەلەکەمان بە شێوەیکی گشتی باس کرد و وتمان کە لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە داوای چاو پێکەوتنمان لێکراوە و ئامادەیی خۆمان بۆ پێك هێنانی هەیئەتێکی نوێنەرایەتی هاوبەش دەربڕی کە وەڵامێکی ئەو تۆمان وەر نەگرتەوە و لە ئەنجامدا نەمانتوانی لەوە زیاتر لە سەری بڕۆین. هەروەها مەسەلەکەمان لەگەڵ هێندێك لە رێکخراوە چەپەکانی ئێرانیش، لەوانە راه کارگر، هێنایە گۆڕێ و لەم بارەیەوە لەگەڵیان دواین. دوای کۆتایی هاتنی ئەو چاوپێکەوتنەش لە سیمیناری ئەندامان لە ئۆردووگای کۆمەڵە راپۆرتی ئەو دانیشتنەمان پێشکەش کرد. هەروەکوو پێشتریش ئاماژەم پێدا لە ئۆردووگای کۆمەڵە لە وتوویژێکی رادیۆیی لەگەڵ رادیۆ زرێبار لە سوید، هاوڕێ ئەبووبەکری مودەریسی ئەندامی دەفتەری سیاسی کۆمەڵە، بە ئاشکرا مەسەلەکەی راگەیاند و وەڵامی پرسیاری خەڵکی دایەوە. ئەوانە بۆیە باس دەکەم کە نیشانی بدەم کە بە پێچەوانەی درۆ و دەلەسەی لایەنێکی دۆڕاوی سیاسی، ئەو دانیشتنە بۆ ئێمە چ پرۆسەیەکی لێکدانەوە و باس و لێکۆڵینەوە و پرس و ڕا و دەنگ بۆ وەرگرتن و راپۆرت دانی تێدا بووە و ئەمانە تایبەتمەندیی حیزبێکی مەسئوول، شەفاف و مۆدێرنن. ئەگەر لەوە زیاتر شتمان لە سەر نەنووسیوە، هۆیەکەی ئەوە بووە کە نرخی ئەو دانیشتنە و ئاکامەکەی لەوە زیاتر هەڵنەگرتووە، چوونکە بێجگە لە دانیشتنێکی سەرەتایی بۆ بیستنی قسەی یەکتر و تاقی کردنەوەی یەکتر، هیچیتر نەبووە. لە باری ناوەرۆکی باسەکانی ئەو ....

⇦

# بەرنامەی سیاسی ئێمە دامەزراندنی دەسەڵاتی خەڵکی کوردستان بە سەر سەرزەمینی خۆیاندایە

... دانیشتنەش بە راشکاوییەوە دەڵێم کە سەری کۆمەڵە و سەری کوردمان بەرز کردۆتەوە و یەکە یەکەی قسە و باسەکانی ئێمە لەبەردەم خەڵکی کوردستان قابیلی دیفاع و جێگای شانازین. لە گوزارشەکەی کریس کۆچێراش هەر ئەوە دەردەکەوێ و ئەمما دانیشتنەکە. ماوەیەك بوو کە کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی لە چەند لایەکەوە لە ئێمەیان رادەسپارد کە خوازیاری ئەوەن لەگەڵ کۆمەڵە وتوویژ بکەن و تەنانەت حازرن ئەوان بێنە هەر شوێنێك کۆمەڵە دیاری بکات. لە درێژەی ئەم راسپاردنانەدا دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی لە لایەن یەکێتی نیشتمانی و بەڕێز مام جەلال تاڵەبانییەوە ئاگاداریان کردین کە ئەوان خوازیارن تا دانیشتنێکی سەرەتایی بۆ بیستنی پێشنیاری هەرتك لا پێك بێت و گوتیان ئەوان لە ئاستی شوورای عالی ئەمنیەتی میللی بەشداری دەکەن و حازریشن ئەو مەرجەی ئێمە قبووڵ بکەن کە لە دانیشتنەکەدا لەسەر داخوازییەکانی خەڵکی کوردستان قسە بکرێت. دوای هەموو ئەو پرس و رایانەی کە پێشتر باسم لێکرد و دوای ئەم ئاخر راسپاردەی کۆماری ئیسلامی، کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵە بە کۆی دەنگ بڕیاری دا کە ئەم دانیشتنە بکات و بە راشکاوی هەموو قسە و نەزەری خۆی تێدا باس بکات و تەسمیمان گرت کە ئەم دانیشتنە سەرەتاییە بە میوانداری و پاراستنی لایەنێکی سێهەم و دۆست بێ و داوامان لە یەکێتی نیشتمانی کوردستان کرد کە ئەم ئەرکە وەئەستۆ بگرێ و ئەوانیش قبووڵیان کرد و ماوەیەك پێش هێرشی ئەمریکا بۆ عێراق ئەم دیدارە بە میوانداریی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان پێکهات. پێویستە بڵێم کە بە پێچەوانەی پڕوپاگەندەی نەیاران و ناحەزانی کۆمەڵە، کاك سەلاحی موهتەدی لەو دانیشتنەدا نەبووە و تەنانەت میوانداری ئەو دانیشتنەشی نەکردووە. مەلوومات و قسەی کریس کۆچێراش لەم بارەیەوە راست نین و ئەو مەعلووماتەی لە سەرچاوەیەکی ناڕاستەوە پێگەیشتووە و دەبوایە لە خۆمان پرسیاری کردبا کە بەداخەوە نەیکرد.

لەو دانیشتنەدا ئێمە بە وردی باسمان لە ستەمکارییەکان و تاوانەکانی کۆماری ئیسلامی لەم بیست و چەند ساڵەدا دەرحەق بە خەڵکی کوردستان کرد، کۆماری ئیسلامیمان بە پێشێلکردنی هەموو مافە ئینسانییەکانی گەلی کورد تاوانبار کرد و دەرمانبڕی کە دەبێ ئێستا ئەو حکوومەتە بۆی دەرکەوتبێ کە نەیتوانیوە و ناشتوانێ بە زۆر و بە زەبر و زەنگ کێشەی کورد چارەسەر بکات، لە داخوازییەکانی خەڵکی کوردستان و فێدرالیزم دواین و رامانگەیاند کە ئەگەر چی ئێمە خوازیاری گۆڕانی نیزامی سیاسی ئێران بە حکوومەتێکی دێموکرات و سێکولارین بەڵام بە مەرجێك کە کۆماری ئیسلامی ئامادە بێت لە سەر مافەکانی گەلی کورد هەنگاوی جیددی هەڵگرێ ئامادەین گفتگۆی لەگەڵ بکەین و بە باشتریشی دەزانین کە ئەو گفتگۆیانە لەگەڵ هەیئەتێکی نوێنەرایەتیی هاوبەشی کوردستانی پێك بێت. هەروەها مەرجەکانی خۆمان بۆ دەستپێکردنی وەها وتوویژێك لە داهاتوودا هێنایە گۆڕێ و بۆ نموونە گوتمان ئەو گفتگۆیانە دەبێ رەسمی و بە بەشداری نوێنەرانی ناسراوی دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی بێت، دەبێ ئاشکرا و راگەیاندراو بێت، دەبێ ئەو وتوویژانە لە سەر داخوازییەکانی گەلی کوردیش بێ و ئێمە هیچ وتوویژێکی تایبەت بە خۆمانمان لەگەڵ کۆماری ئیسلامی نییە. لایەنی کۆماری ئیسلامی ویستیان باس لە موناسەباتی کۆمەڵە و کۆماری ئیسلامی بکەن و قسەیان ئەوە بوو کە دەبێ زەمینەی دانوستاندن خۆش بکرێ، ئێمە ئەو داخوازییەمان رەت کردەوە و گوتمان جیا لە مەسەلەی خەڵکی کوردستان هیچ شتێکی دیکە بۆ قسە کردن بە پێویست نازانین و هەر بە عەمەلیش لە دانیشتنەکەدا حازر نەبووین لەم بارەیەوە قسەیەك بکەین.

*_بەڕێز کاك عەبدوڵڵای موهتەدی، ئایا کاتی دروستکردنی بەرەی دێموکرات و پێشکەوتوو نییە و هەر کام لە جێی خۆی مایە دانێ و لەم پاوانخوازییە دەست هەڵگرن. هەمووتان لە بەرانبەر بنەماڵەی شەهیداندا بەرپرسیارن. هەر کام لایەنی دیکە تاوانبار دەکات. هیچ کام رەخنە لە خۆی ناگرێت. هیوادارم لێم تێگەیشتبێتن. سوپاس. یوسف بۆکانی*

*_هاوڕێ عەبدوڵڵای موهتەدی:* ئەگەر مەبەستتان بەرەیەکی کوردستانییە، بەڵێ، کاتیەتی و درەنگیش بووە و نابێ لەوە درەنگتر بێت. ئێمە بەدڵ و بە گیان بۆ پێکهێنانی بەرەیەکی کوردستانی لە کوردستانی ئێران ئامادەین، زۆرمان بیر لێکردووەتەوە، زۆرمان کار لە سەر کردووە، گەڵاڵەیەکمان بۆ داڕشتووە و سەرەنجام لە کۆنفرانسی هەشتەمی کۆمەڵە بە تێکڕای دەنگ پەسندمان کردووە، لەگەڵ رای گشتی کورد هێناومانەتە ئاراوە، خەڵکمان بۆ دیوە، لە کۆڕ و کۆمەڵی پەیوەندیدار بەو مەسەلەیە بەشداریمان کردووە، لەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هێناومانەتە گۆڕێ و باس و لێکۆڵینەوەمان پێشکەش کردووە و زۆر شتی لەو بابەتە. خۆشبەختانە ئەو بیرۆکەیە تەنیا بە ئێمەوە نەوەستاوە و زۆرێك لە تێکۆشەران و کەسایەتییەکان و رۆشنبیرانی کورد پشتیوانیان لێکردووە. نازانم ئەوانە کوێی جێی رەخنەیە و بۆچی دەبێ لەم پەیوەندەدا رەخنە لە خۆمان بگرین؟ لە راستیدا ئێمە تا ئێستا ئەوەی ئەرکی خۆمان بووە بە جێمان گەیاندووە و لەوە بەم لاوەش لێی نامۆ نین و هەوڵی زۆریشی بۆ دەدەین. زۆریش خۆشحاڵ دەبین هەر کەس رێنوێنیمان بکات و پێشنیاری چاك بخاتە بەردەم ئێمە و هەموو بزووتنەوەکەوە. بە دڵنیاییەوە ئەگەر بزانین رێیەکمان بۆ دەکاتەوە بە قسەشی دەکەین، بەڵام بێوازی و نەکردنی خەڵکی دیکە بۆ دەبێ بە حیسابی ئێمە بنووسرێت؟

*_من یەك پرسیارم هەیە، وەك دەزانین کۆمەڵە هەوڵی داوە بۆ پێکهێنانی بەرەیەکی یەکگرتوو لەگەڵ رێکخراوەکانی تر، بەڵام حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران نایهەوێ ئەم بەرەیە پێك بێت. بە رای ئێوە کاك عەبدوڵڵا بۆچی حدکا ناخوازێ؟! لەگەڵ سپاسدا، سیروس*

*_هاوڕێ عەبدوڵڵای موهتەدی:* لە راستیدا ئێمە لە دووساڵی رابوردوودا زۆر لە بارەی پێکهێنانی بەرەی کوردستانی لەگەڵ سەرکردایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دواوین، گەڵاڵەی ئەوانمان داوەتە بەر باس و لێکۆڵینەو و گەڵاڵەی خۆمان پێشکەش کردووە. سەرەنجام پتر لە ساڵێك پێش ئێستا گەیشتینە ئەو نەتیجەیە کە کۆمیسیۆنێکی هاوبەش لە هەردووك لابۆ تاوتوێ کردنی گەڵاڵەکان و داڕشتنی گەڵاڵەیەك یان پلاتفۆرمێکی هاوبەش دابنێین. ئەو کۆمیسیۆنە پێکهات و لە لایەن حیزبی دێموکراتەوە بەڕێزان کاك بابا عەلی میهرپەروەر و کاك حوسێنی مەدەنی و لە لایەن کۆمەڵەشەوە بەڕێزان کاك ئەبووبەکری مودەریسی و کاك ئەنوەری موحەمەدی بەشدارییان تێدا کرد. دەبێ بڵێم کە ئێمە لە کاری ئەو کۆمیسیۆنە رازین، ئەوان بە ماندووبوونی خۆیان وبە ژێری ئەرکێکی دژواریان بە باشی بردە پێشەوە و توانیان لە سەر نزیکەی سەتی حەفتا تا هەشتای خاڵەکان پێك بێن و لە داڕشتنی بنەمای پلاتفۆرمێکی هاوبەش تەواو نزیك بنەوە. ئێمە لەو بڕوایەدا بووین کە ئەو دەسکەوتەی تا ئێستا بە دەست هاتووە بیپارێزین و هەتا گەیشتنی یەکجاری بە پلاتفۆرمێکی هاوبەش درێژە بە کاری ئەو کۆمیسیۆنە هاوبەشە بدەین. تەنانەت بۆ ئەوەی لەم بارەیەوە برادەرانی حیزبی دێموکرات دڵگەرم کەین ئامادەیی خۆمان بۆ ئەوە دەربڕێ کە لەسەر هەندێك خاڵ حازرین زیاتر بە لای ئەوانەوە بچین و بۆ ئەوەی کارەکە هەڵنەوەشێتەوە. بەڵام لەسەر پێشنیاری ...

**• هاوڕێ عەبدوڵڵای موهتەدی: ئێمە بەدڵ و بە گیان بۆ پێکهێنانی بەرەیەکی کوردستانی لە کوردستانی ئێران ئامادەین، زۆرمان بیر لێکردووەتەوە، زۆرمان کار لە سەر کردووە، گەڵاڵەیەکمان بۆ داڕشتووە و سەرەنجام لە کۆنفرانسی هەشتەمی کۆمەڵە بە تێکڕای دەنگ پەسندمان کردووە، لەگەڵ رای گشتی کورد هێناومانەتە ئاراوە، خەڵکمان بۆ دیوە، لە کۆڕ و کۆمەڵی پەیوەندیدار بەو مەسەلەیە بەشداریمان کردووە.**

... سەرکردایەتیی حیزبی دێمۆکرات کۆبوونەوەی هەردووك سەرکردایەتیمان پێکهێنا. لەوێدا سەرکردایەتیی حیزبی دێمۆکرات رایانگەیاند (هەر وەکوو پێشتریش ئەوەیان وتبوو) کە ئەوان بەرە بە شتێکی گونجاو نازانن، بەڵکووبڕوایان بەجۆرێك ئیئتیلاف یان هاوکاری هەیە و ئەم شێوەیە بە هەنگاوێکی گونجاو بۆ ئەم سەردەمە دەزانن. ئێمە وێڕای ئەوەی هاوکاری و ئیئتیلاف و شتی واشمان رەت نەدەکردەوە و بۆی ئامادەین، بەڵام لەو بڕوایەدا بووین کە بەرە لە ئاستی ئەرکەکان و چاوەڕوانییەکانی ئەم سەردەمەی خەباتی رزگاریخوازانەی گەلی کورد لە کوردستانی ئێراندایە و بەرە بە شێوەیەکی گونجاوتر دەزانین.

بێجگە لەوە ئەوان لە سەر شتێك پێداگریان کرد و کردیان بە پێش مەرج کە هەموو پرۆسەکەی لەو قۆناغەدا بە بنبەست گەیاند. ئەوەیش ئەوەی کە ئەوان دەیانگوت کە پێش پێکهێنانی هەر چەشنە هاوکارییەك، تەنانەت پێش ئیمزا کردنی هەر چەشنە پلاتفۆڕمێکیش، دەبێ ئێوە رەهبەری حیزبی دێمۆکرات بسەلمێنن. دیارە پێشمەرجی ئاواش نە بۆ ئێمە و نە بۆ کەس قابیلی قبووڵ نین. بە بڕوای ئێمە دەبێ خەڵك لە دوارۆژدا هەڵبژێرن کە کێ و چ بەرنامە و سیاسەتێکیان لا پەسندە و ئەویش بە چ رێژەیەك. بەڵام برادەرانی سەرکردایەتیی حیزبی حدکا پێیان وابوو ئەم پێشمەرجەی رەهبەریی حیزبی دێمۆکرات لەگەڵ ویست و بەرژەوەندییەکانی خەڵکی کوردستان دێتەوە و ئەوان شتێکی نزیك بە سەتی نەوەدی خەڵکی کوردستانیان لەگەڵە و باقییەکەی دەبێ سەرۆکایەتیی ئەوان قبووڵ بکەن. دیارە ئەمەش نە لەگەڵ هیچ پێوانەیەکی دێمۆکراسی دێتەوە و نە رەنگدانەوەی واقیعییەتی کۆمەڵگەی کوردستانە و بێجگە لەوەی پێش بە سەرگرتنی هاوکاری و پێکهاتنی بەرە بگرێ هیچ فایدەیەکی دیکەی نییە.

سەرتان نەیەشێنم، بە دوای ئەوەدا ئێمە داوامان کرد ئەگەر ئێستا بۆ پێکهێنانی بەرە ئامادە نین، با هیچ نەبێ لەسەر دانی پلاتفۆڕمێکی هاوبەش پێکبێین، یانی ئەگەر دروست کردنی قەوارەی رێکخراوەیی بەرە جاری گیروگرفتی هەیە، با بەبێ دروست کردنی هیچ قەوارەیەکی تەشکیلاتی لە سەر پلاتفۆڕمێك ساغ بینەوە کە کێشەی سەرۆکایەتی و رەهبەریی و زۆر و کەمیشی تێدا نییە. ئەو بەڵگە هاوبەشەش ببەینە نێو خەڵك و کۆنفرانسی فراوانی کەسایەتی و تێکۆشەرانی کوردستانی بۆ بگرین و دیالۆگێکی گشتی لە سەر ساز بکەین و سەرەنجام وا بکەین داخوازییەکانی کوردی ئێران بکەین بە یەك. برادەرانی سەرکردایەتیی حیزبی دێمۆکرات بەداخەوە ئەو پێشمەرجە سەیرەیان بۆ نووسینی پلاتفۆرمیش هێنایە گۆڕێ و کردیان بە کۆسپ لە سەر رێگەی رێککەوتن لە حاڵێکدا بە بڕوای ئێمە لەسەر ئەو پلاتفۆڕمە قابیلی پێکگەیشتن بووین و ئێستاش هەین.

دیارە وردەکاریی پرۆسەکە و باسەکان و وەستانی لەوە زیاترە، بەڵام ئەمە کورتەیەکی بوو. بە هەموو ئەمانەشەوە، ئێمە بەڕاستی لەو بڕوایە داین کە دروستکردنی بەرەیەکی کوردستانی لە ئێران هەم پێویستەو هەم مومکینە، پێمان وایە بنبەستێك کە ئێمە پارەکە لەگەڵ حیزبی دێمۆکرات تووشی هاتین پێویست نییە هەروا درێژەی هەبێ، دەبێ کارێکی وا بکەین ئەو گیرووگرفتانە لەبەر پێی خۆمان و هەموو بزووتنەوەکە لابەرین، دەبێ درێژە بە کاری دیالۆگەکانمان بدەین و بیانخەینەوە گەڕ، دەبێ خەڵکی دیکە و لایەنی دیکەش لەو پرۆسەیەدا بەشدار کەین، دەبێ دیالۆگێکی فراوان و هەمەلایەنە بخەینە رێ و نەزەری هەمووان ببیستین. ئێمە بە بەشی خۆمان ئامادەین کە ئەو پرۆسەیە لەگەڵ حیزبی دێمۆکرات دەستپێبکەینەوە، هیوادارم ئەوانیش زۆرتریان بیر لێکردبێتەوە و ئارەزووی خەڵکیان بۆ پێکهێنانی وەها بەرەیەك بیستبێ و چیدی لەسەر ئەو پێشمەرجە نادێمۆکراتیکانە کە نە شیاوی کۆمەڵگەی ئەوڕۆن و نە لەگەڵ هیچ پێوانەیەکی شارستانیانە دێنەوە و زۆریش لە واقعیاتی کوردستان دوورن، پێداگری نەکەن. ئەگەر ئەو پێشمەرجانە نەبن، پێکهێنانی بەرەیەکی فراوان، کە تەنیا بە کۆمەڵە و حیزبی دێمۆکراتیش مەحدوود نەبێتەوە، شتێکی عەمەلییە و ئێمە ئامادەین هەموو کارێکی بۆ بکەین.

یەك لەو رێگایانە کە ئێمە بۆ شکاندنی بنبەستەکە و فراوانکردنی بنکەی بەرەی کوردستانی پێشنیارمان کرد ئەوەیە کە کۆنفرانسێك بانگهێشت بکەین کە تێیدا هەم لایەنە سیاسییەکان و هەم ژمارەیەك کەسایەتی و تێکۆشەرانی سیاسی و رۆشنبیری دەعوەت بکەین و لەوێدا مەسەلەی بەرە و پلاتفۆرم بخەینە بەر باس و لێکۆڵینەوە، بەڵام بەداخەوە ئەو پێشنیارەش رەت کرایەوە. ئێمە ئێستاش بۆ بانگهێشت کردنی کۆنفرانسێکی ئاوا کە تێیدا ئێمەش و حیزبی دێمۆکراتیش و خەڵکی دیکەش بۆچوونی خۆیان پێشکەش بکەن و پێشنیارەکانی خۆیان بخەنە بەردەم رای گشتی ئامادەین و هەموو یارمەتی و هاوکارییەکی دەکەین.

***_کۆمەڵە چەندە باوەڕی بە کوردایەتی و سەربەخۆیی هەیە؟***
***رێبوار***

***_هاوڕێ عەبدوڵڵای موهتەدی:*** سەربەخۆیی مافی مسۆگەری نەتەوەیی کوردە وەکوو هەموو نەتەوەیەکی دیکە. ئەو مافە لەبەر هۆکاری مێژوویی و سیاسی و بە هۆی سیاسەتی ئیستعمارییەوە لەگەڵی کورد زەوت کراوە و کراوە و بە وڵاتێکی دابەشکراوی داگیرکراو. سەرەنجام و لە لێکدانەوەی نیهاییشدا، چارەسەری یەکجاری کێشەی ستەمی میللی لە کوردستاندا بە دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ دەکرێت. ئێمە ئەمانە و زۆر شتی تریشمان بە راشکاوییەوە لە بەرنامەی خۆماندا راگەیاندووە. بەرنامەی سیاسی ئێمە دامەزراندنی دەسەڵاتی خەڵکی کوردستان بە سەر سەرزەمینی خۆیاندایە کە بۆ ئێستا لە ئێرانێکی فێدراتیڤ و کوردستانێکی فێدرالدا خۆی دەبینێتەوە.

سەبارەت بە "کوردایەتی" دەبێ بڵێم کە ئەگەر مەبەست لە کوردایەتی نەك ئایدۆلۆژییەکی سیاسی دیاریکراو، بەڵکوو بزووتنەوەی رزگاریخوازیی گەلی کورد بێت، ئەگەر مەبەست جووڵانەوەی رەوای گەلی کورد بۆ هاتنەدەر لە ژێردەستی و بەدەستهێنانی مافە نەتەوەییەکانی بێت ئێمە خۆمان لە ریزی پێشەوەیدا دەبینینەوە، خۆمان بە رێکخەر و پێشەبەری دەزانین و سەرکەوتنیمان بە ئامانجی خۆمان داناوە. بەڵام کوردیش، دیسان وەکوو هەموو نەتەوەکانی دیکەی جیهان، بیروباوەڕ و روانگەی جیاواز، چینی کۆمەڵایەتیی جیاواز، بەرژەوەندی جیاواز و سیاسەتی جیاوازی تێدایە.

ئێمە خۆمان بە نوێنەری روانگەی سیاسەتی چەپ و پێشکەوتنخواز لە کۆمەڵگەی کوردستان و لە ناو بزووتنەوەکەیدا دەزانین، لە بوواری کۆمەڵایەتیشەوە خۆمان بە داکۆکیکار لە بەرژەوەندی کرێکاران و زەحمەتکێشان، بەرژەوەندی چەوساوەکان و بێبەشانی کوردستان و تێکۆشەری شێلگیری عەداڵەتی کۆمەڵایەتی دەزانین. مەرج نییە تەفسیری ئێمە لە بزووتنەوەی رزگاریخوازیی گەلی کورد و سیاسەتەکانمان لەگەڵ هی هەموو لایەن و سیاسەتێکی تر یەك بگرێتەوە. ئەوەش شتێکی ئاساییە.

***_چۆن بوو کۆمەڵە گرینگی زیاتری دا بە مەسەلەی میللی؟ داهاتووی کۆمەڵە لە چوارچێوەی مەسەلەی نەتەوایەتیدا چۆن دەبینن؟***
***رێژان***

***_عەبدوڵڵای موهتەدی:*** بۆ داهاتووی کۆمەڵە لە چوارچێوەی مەسەلەی نەتەوایەتی‌دا، وەڵامەکەم ئەوەیە کە کۆمەڵە ئاڵاهەڵگری راستەقینەی رزگاریی نەتەوەیی کورد لە کوردستانی ئێران دەبینم. بوونی کۆمەڵە و رێبازی کۆمەڵە لە بزووتنەوەی کوردستاندا بە خاڵێکی زۆر پۆزەتیڤ دەزانم و بە قازانجی گەلی کوردیشی دەبینم کە رێبازی کۆمەڵە سەبارەت بە کێشەی نەتەوەیی لە کوردستان دەستی باڵای پەیدا بکات و لە لایەن جەماوەرەی خەڵکەوە پەسند و رەچاوبکرێت، چونکە پێم وایە لەم رێگایەوە سەرکەوتنی ئەو گەلە و بزووتنەوەکەی رۆشنتر و مسۆگەرترە.

بۆ گرینگی‌دان بە مەسەلەی میللی، کۆمەڵە هەر لە سەرەتاشەوە، ساڵەها پێش بەشداریکردنی ئێمە لە پرۆژەی حیزبی کۆمۆنیستی ئێراندا، کۆمەڵە هەر وا بووە و ئەمە شتێکی تازە نییە، بەڵگەش لە سە ئەو قسەیە کەم نییە. ئێمە گەڕاوینەتەوە سەر ئەو رێبازە، بەڵام نەك وەکوو دووپاتکردنەوەیەکی رابوردوو، چونکە ئەو کارە نە مومکینە و نە بە کەڵکە، بەڵکوو لە سەر رێبازی مێژوویی کۆمەڵە بەڵام لە دنیایەکی نوێ و بارودۆخێکی نوێدا و بە تێگەیشتنێکی تازەوە.

***درێژەی ئەم وتووێژە لە "شۆڕش" داهاتوودا بڵاودەکەینەوە.***

**• *سکرتێری گشتیی کۆمەڵە:* کۆمەڵە ئاڵاهەڵگری راستەقینەی رزگاریی نەتەوەیی کورد لە کوردستانی ئێران دەبینم. بوونی کۆمەڵە و رێبازی کۆمەڵە لە بزووتنەوەی کوردستاندا بە خاڵێکی زۆر پۆزەتیڤ دەزانم و بە قازانجی گەلی کوردیشی دەبینم کە رێبازی کۆمەڵە سەبارەت بە کێشەی نەتەوەیی لە کوردستان دەستی باڵای پەیدا بکات و لە لایەن جەماوەرەی خەڵکەوە پەسند و رەچاوبکرێت، چونکە پێم وایە لەم رێگایەوە سەرکەوتنی ئەو گەلە و بزووتنەوەکەی رۆشنتر و مسۆگەرترە.**

# سیاسەتی سەرمایەگوزاری نەکردن لە ناوچە کوردنشینەکان

فەرازی ڕەها

بێئەوەی لە بواری ئابوورییدا پسپۆڕ و لێزانیش بین، ئەگەر سەیرێکی هەلومەرجی سەرمایەگوزاری لە ناوچەکانی ڕۆژئاوای ئێران و بە تایبەت ناوچە کوردنشینەکان بکەین زۆر خاڵی بنەڕەتیمان بۆ ڕوون دەبێتەوە و ئەم تێگەیشتنە لە ڕووی لێزانی ئێمەوە نییە، بەڵکوو تایبەتە بە بێ ڕەحمی ئابووری داڕێژەرانی ئێران کە بەم شێوە ئاشکرا لە بواری ئابوورییەوە هەڵسووکەوتیان لەگەڵ کوردستان کردووە.

هەر لەم پێناوەدا لەم دواییانەدا دەبیرخانەی "سەنعەت و مەعدەنی" پارێزگای ئازەربایجانی ڕۆژئاوا، ڕادەی سەرمایەگوزاری سەنعەتی لە لایەن دەوڵەتەوە لەم پارێزگایە، لە سەدا ٣ و سەرمایەگوزاری خوسووسیشی لە سەدا ٩٧ ڕاگەیاندووە. ئەم دەبیرخانەیە لە درێژەی ڕاگەیاندنەکەیدا باس لە هۆکارەکانی ئەو هەل و مەرجە دەکات و دەڵێ: هۆی ئەم هەل و مەرجە ئەوەیە کە تێڕوانینی ئەمنیەتیی کۆماری ئیسلامی سەبارەت بە پارێزگای ئازەربایجانی ڕۆژئاوا و نەبوونی سەرمایەگوزاری گونجاو و دانی مۆرکی ئەمنیەتیی لەم پارێزگایە، بووەتە هۆی ڕاکردنی مێشکەکان. ئاکامی ئەم بارودۆخەش بووەتە هۆی ئەوە کە ئەم پارێزگایە گەشە نەکات.

بێگومان بە لەبەر چاو گرتنی ئەم ئیدەعایە کە تێڕوانینی ئەمنیەتی بۆتە هۆی گەشە نەکردنی پارێزگای ئازەربایجانی ڕۆژئاوا و بەگشتی ناوچە کوردنشینەکانی ئێران جگە لە لایەنی ئەمنیەتیی، بە هۆی سیاسەتەکانی ڕژیمەوە بۆ بەرگرتن بە گەشەی ئابووری و کۆمەڵایەتی خراوەتە ژێر گوشارەوە.

ورد بوونەوە لە ئاماری لە سەدا ٣ی سەرمایەگوزاری ڕژیم لە پارێزگای ئازەربایجانی ڕۆژئاوا، هەر ئەو ڕژیمەیە کە لە سەدا ٨٠ی ئابووری ئێرانی دەوڵەتی و پاوانی کردووە. ناکۆکی و هەڵاواردنی بەرچاو لە نێوان شارە گەورە و ناوەندەکانی ئێران وەکوو تاران لەگەڵ پارێزگاکانی‌تری وەك، ئازەربایجانی ڕۆژئاوا و کوردستان و ئیلام و کرماشان لە لایەك و، لە لایەکی‌ترەوە، هەڵسووکەوتی دووژمنکارانە لەگەڵ شار و ناوچەکانی‌تر کە نەتەوەکانی‌تری تێدا دەژی بە ڕوونی و ئاشکرا بەرچاو دەکەوێت.

سەرەڕای هەمووی ئەمانە ڕژیم لە کوردستان وەها کەش و هەوایەکی خولقاندووە کە سەرمایەگوزارەکانی بەشی خوسووسیش ئامادە نین لە کوردستان سەرمایەگوزاری بکەن و زیاتر لە پارێزگا و شارە گەورە و ناوەندەکانی ئێران سەرمایەگوزاری دەکەن، چوونکە گرفتی ڕەوتی سەرمایەگوزاری، لە سەرەوە بوونیماڵیات، بەهرەی زۆری بانکی، دابین نەکردن و ئاسانکاری سەرمایەگوزاری لە لایەن دەوڵەتەوە و گەلێك هۆکاری‌تر دەبنە هاندەرێك بۆ ئەوەی سەرمایەگوزارە خوسووسییەکانیش لە کوردستان سەرمایەگوزاری نەکەن و لە سایەی ئەم سیاسەتە بە ئەنقەستەدا، دواکەوتوویی



ئابووری و هەژاری لە کوردستان بە شێوەیەکی زەق و بەرچاو خۆ دەنوێنێ.

نەبوونی ئیمکان و دەرفەتی پەیدا کردنی کار لە کوردستان بۆتە هۆی ئەوەی هێزی کاری ئەم ناوچەیە دژوارترین و سەختترین کار قبووڵ بکات. بەمجۆرە ئەم ئیدەعایە ڕەت دەکەینەوە کە گرفتی سەرمایەگوزارەکان و خاوەن سەرمایەکان پەیوەندی بە سەختی و دژواری کارەوە هەیە، بەڵکوو هاتووچو لە ئیدارەکان و ئاڵۆزترین سیستەمی بۆرۆکراسی لە ئیدارەکانی ڕژیم کە خۆیان خولقاندوویانە و لە کوردستان دوو بەرابەر زۆرتر و ئاڵۆزکاوترە، گرفتی سەرمایەگوزارانە. هەروەها سەرمایەگوزارەکان و بەرهەم هێنەران لە جێگەیەك سەرمایەکەیان دەخەنە گەڕ کە ئەمنیەتی پێویست بۆ سەرمایەکەیان هەبێ. بەڵام کۆماری ئیسلامی وەها ڕوخسارێکی لە ناوچە ڕۆژئاوایەکانی ئێران نیشان داوە کە ئەم ناوچانە، ناوچەی شەڕ، ئاژاوە و نائەمنییە و توانای داهێنانی تێدا بە دی ناکرێ. بۆیە سیمایەکی بەتەواوی نائەمنی لەم ناوچانە لە زەین و مێشکی سەرمایەگوزارەکاندا دروست کردووە و خاوەن سەرمایەکانیش ئامادە نین سەرمایەکەی خۆیان لەم شوێنانە وەرگەڕ بخەن.

بۆ ڕوون بوونەوەی باشتری چۆنیەتی ڕاکردنی سەرمایەکان و ئاڵۆز کردنی سیمای ناوچەکانی ڕۆژئاوای ئێران لە لایەن ڕژیمەوە بینینی ئەم ئامارە ڕاستیەکانمان بۆ دەردەخات . بە پێی ئامار و ئەو پێش بینیانەی کە لە بەردەست دان، لە سەدا ٢٠ی کۆی دانیشتووانی ئێران لە تاران دەژین و ژمارەی دانیشتووانی ئەم شارە هەتا ساڵی ١٤٠٠ هەتاوی لە سنووری ١٤ میلیۆن کەس تێدەپەڕێت. ئەمە لە حاڵێك دایە کە هەر ئێستا لە سەدا ٣٥ی پیشەسازی ئێران، لە سەدا ٨٠ی گواستنەوە و بردنی بیمەی دابین کردنی کۆمەڵایەتی و بانك، لە سەدا ٢٠ی قوتابیان و ٤٠ی خوێندکاران و ٩٠ی کارناسان و ٨٦ی پسپۆڕان لە تارانن.

ئایا دیتنی ئەم ئامارانە سیاسەتی هەڵاواردنی ڕژیم لە ناوچەکانی‌تری ئێران دەرناخەن؟ با هەندێکیتر گوێ بدەینە قسەی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی:

بە پێی وتەکانی سەرۆکی دەبیرخانەی سەنعەت و مەعدەنی پارێزگای ئازەربایجانی ڕۆژئاوا، بەشی کانەکانی ئەو پارێزگایە گرفتی زۆری تێدایە و هەتا ئێستا هیچ بودجەیەك لەو پارێزگایە بۆ دابین کردنی ئیمکاناتی سەرەتایی بۆ کانەکان لەبەرچاو نەگیراوە و زۆربەی کانەکان لەو ئیمکاناتی سەرەتایی بێبەشن و قبووڵ نەکردنی ئیجازەی کەڵك وەرگرتن لە کانەکان لە لایەن بانگەکانی پارێزگاوە وەك بەڵگەی بڕوا پێکراو، هێندەی‌تر گرفتی بۆ ئەم بەشە پێکهێناوە.

دەبێ لەو ڕوانگەیەوە بۆ ئەم کەمتر خەمییە بڕوانین کە تەرخان نەکردنی بوودجە و پێداویستی بۆسوود وەرگرتنی درێژماوە و بەردەوامتر لە کانەکانی ناوچە کوردییەکان، نەهەڵکەوتێکی سادە و ساکاری بۆرۆکراسی ئیدارە و وەزارەتەکانی ئەم ڕژیمەیە و نە بەرهەمی بێئاگایی کاربەدەستانی ئەو بەشەیە، بەڵکوو ڕاستییەکەی ئەوەیە کە مامەڵەی بە بەرنامەی کۆماری ئیسلامی و کاربەدەستانی بۆ پڕ کردنی ژمارە حیسابە نهێنییەکانی بەرپرسانیەتی. ئەو بۆرۆکراسییە ئاڵۆزە و دەزگا و ئیدارە و وەزارەتەکان هەرکامیان لە ناوچەیەکی ئێران خەریکی ڕاوو ڕووتن. هەمووان لەم چەشنە کەڵك وەرگرتن و ڕاووڕوتە لە کانەکانی کوردستان ئاگادارن. لە ڕاستییەوە دوور نییە ئەگەر بڵێین کۆماری ئیسلامی، تاڵانکردنی سامانی ئەو ناچانەی وا دژە حکومەتن، خستۆتە سەرووی بەرنامەکانییەوە.

بۆ باشتر تێگەیشتن لە ئاستی ڕاوو ڕووتی سامانی کوردستان کە هیچ قازانجێکی بۆ گەلی کورد نییە، باشترە چاوێك بگێڕین بە سەر ئاماری پەیوەندییەکانی خانەی مەعدەنی کۆماری ئیسلامی‌دا:

لەو ئامارەدا هاتووە کە تەنیا لە ٦ مانگی یەکەمی ئەمساڵدا نزیك بە ٣ میلیۆن تۆن ماددەی جۆراوجۆر لە کانەکانی پارێزگای کوردستان دەرکێشراوە، کە بەشی خوسووسی نزیك بە لە سەدا ٨٨/٢ی ئەو ڕادەیەی بۆ خۆی تەرخان کردووە. لێرەدا پێویستە سرنج بدەینە ئاستی یەکجار زۆری ٣ میلیۆن تۆن و بە تایبەت ڕۆڵی بەشی خوسووسی لەو ئاستەدا ببینین. کوردستان یەکێك لەو ناوچانەیە کە بۆ وەرگرتنی ئیجازەنامەی گرینگی وەك بەڵگەی دەرکێشانی کانەکان لە لایەن بەشی تایبەتەوە، دەبێ حەوت خانی ئیدارەکانی ئیتیلاعات و دادگا و وەزارەت و ...هتاد، تێپەڕ بکرێ. بە واتایەکی‌تر وەرگرتنی ئەو ئیجازانە نەك هەر کاری هەموو کەسێك نییە، بەڵکوو هەر کەسێکیش خۆی لەو ڕێیە نادات. کەواتە دەبێ تێبگەین کە دانی ئیجازە بۆ ئەو کارانە بەستراوەتەوە بەو مەرجانەی کە لە لایەن دەوڵەتەوە بە ئیدارەکانی کوردستان ڕاگەیەندراوە و بە گشتی دەست و پێوەندەکانی دەوڵەت کە کورد نین بە ناوی بەشی تایبەتی و خوسووسی، کانەکانی کوردستان بە تاڵان دەبەن و زۆر پاسدار و بەرپرسی ئیتیلاعات بوونەتە خاوەنی مڵك و زەوی کە ئەو کانانەی تێدایە. لێرەدایە کە...

-١٤-

# ئەدەب و هونەری شۆڕش
# Adab u Honari Shoresh



## سیمبۆلیزم

ئازاد موکری

لە سەرەتای سەدەی نۆزدەهەمدا، لەو سەروبەندەی کە هەر کام لە مەکتەب و بزووتنەوە ئەدەبییەکان لە جیهانی هونەر و ئەدەبدا هەرێمکی تایبەت بە خۆیان ساز دەکرد، بزووتنەوەیەک بە ناوی "سیمبۆلیمزم" هاتە ئاراوە. ئەم بزووتنەوەیە لە راستی‌دا شۆڕش و سەربزۆزی جیلی لاو لە بەرامبەر سەرجەم بوون و دیاردە کۆمەڵایەتی و هونەریی و ئەخلاقییەکان بوو.

سیمبۆلیزم مەکتەبێکی ئەدەبی بوو کە رەشبینی و هیوابڕاوی لەگەڵ وەهم و خەیاڵ هاوڕێ لەگەڵ هەست و فانتازیای قووڵ و هەروەها هەڵپێکانەکانی لێواولێو لە توانج و ئامازە کە تایبەتی ئەم مەکتەبەیە، دەری دەبڕی.

سیمبۆلیزم تەنیا جەختی دەکردە سەر ئەساسی "رەسانەیەتی‌هەست" و هونەرمەندانی ئەم مەکتەبە بۆ هەستەکانی خۆیان بۆ هیچ ئەسڵێکی‌تر سەری دانەدەنەواند و لە هیچ لۆژیکێکی‌تر پیڕەوی نەدەکرد.

هۆنەرمەندان و نووسەرانی ئەم مەکتەبە هەر کام بە زمانی تایبەتی خۆیان دەئاخاوتن چوونکە کە ئەم وتەیەی "مالارمە"ی شاعیری سیمبۆلیك دەستپێکی ئەندێشە و وتارەکانیان بوو کە دەڵێ:"ناوبردن لە شتێك سێ‌چوارەمی چێژی شیعر تیادەبات. چونکا کە جاذبهٔ_سەرەنجڕاکێشی هەر شتێك گرێدراوە بە "شادمانی ئەندێشە" کە خوێنەر لە ئەنجامدا ئاوزان کردنی خاڵ و ناوەرۆکەکانی شیعری بە یارمەتی خۆی وەدەست دێنێ. بە ئامازە و توانج شتێك نواندن یان هەڵخڕاندنی هەستێك، جووانیی ئەندێشەی هونەری دەباتە ئەوپەڕ."

هەر لەم رووەوە بوو کە ئەم سڕ و تووانجانە (سیمبۆلەکان) بە نووسراوە یان هۆنراوەکانی نووسەرانی سیمبۆلیك تایبەتییەکی فانتازیایی دەبەخشێ و دیاردە هونەرییەکانی ئەویان بە فۆڕم و هەیکەلی دیاردەیەکی عیرفانی یا رۆحانی دەنواند.

مالارمە لە جێیەکی‌تر دەنووسێ: "وتەیەکی جوانی بێ‌مانا زۆر بەنرخترە لە وتەیەکی بەمانا کە جوانییەکی ئەوتۆی تێدا نییە".

سیمبۆلییکەکان بەیارمەتی "سیحری وشەکان" ئاوەها جیهانی ماددی و مەعنەوی و هەست پێ‌کراو و هەست پێنەکراویان پێکەوەگرێ‌دا کە ئاهەنگ و مۆسیقای وشەکان سەرەنجام زۆرتر لە هەر مژارێکی دی سەرنجی بۆ لای خۆیان راکێشا و هێندێك جار بووە مەبەست و ئامانجی بڕێك بە بەرجەستەترین هۆنەراوەکان.

لە سەرجەم دیاردە هونەرییە سیمبۆلیکییەکان ئەوەی بەرچاوە هەست و خەیاڵێکی قووڵ کە ئاوێتەی بێ‌هیوای و رەشبینییە. ئەم هەستە سەربزۆزە بەردەوام دەروون بین و خۆبینە و لەگەڵ رۆیا وخەیاڵ هاوڕێیە. ئاخێوەرێك دەربارەی ئەم گرووپە لە هونەرمەندان دەڵێ: "ئەوان بە هەر شتێك و دیاردەکان ماناگەلێکی بێ‌سنووریان دەبەخشی، بە جۆرێك کە هەر شتێك لەگەڵ (ماوەارائۆتەبیعە) ئاسمان گرێدراوییەك پەیدا دەکات، بەڵام شێوەی دەربڕینی ئەوان دڵپەسند و ئاوزان پێ‌نەکراون."

بەوەی کە سیمبۆلیزمەکان لەگەڵ هەر جۆرە کۆت‌وبەندێکی لۆژیکی و رێئالیزمانە لە شێعر و هونەردا لە بەرامبەرکێ و ململانێ‌دان، مەکتەبی سیمبۆلیك لە بەرامبەر رێئالیزم وەستاوە. ئەم شێوازە لە سەر هونەری شانۆش کاریگەری دانا و بووە باو و شانۆنامە نووسەرانێکی گەورەی وەك "مووریس مێترلینگ" بە شێوازی سیمبۆلیك شانۆنامەیان نووسی.

لەو لایەوەی کە ئەم دەستەیە لە هونەرمەندان لە شێوازێکی سەقامگیر و بەردەوام پیڕەویان نەکرد، و بەزمانی تایبەتی رەمزاوی خۆیان لە هەست و خەیاڵ و رۆیا ئەدوێن، هەر کەس لە خوێندنەوەی بەرهەمەکانیان بە پێی رادەی درك و هەستی خۆی تێیان دەگات.

پێشەوای ئەم مەکتەبە لە فەڕانسە شارب بۆدلێر بوو کە رۆڵێکی زۆری لە دامەزراندن و هەڵخڕاندنی ئەم بزووتنەوەیە هەیە. هەروەها ئیدگارد ئالێن پۆ (ئەمریکا) و موریس مێترلینگ (بێلژیك) لە رابەرانی ناسراوی ئەم مەکتەبە دێنە ئەژمار.

*ژێدەر: چەند وتارێکی ئێنتێرنێتی

## "هۆنەری سەربەست یان رێنوێنی کراو؟"

ن/ زەرتوشت

١–گرووپێك پێیان وایە کە هونەر و ئەدەبیات تەنیا ئامێری پڕووپاگەندەیە و بەمجۆرە ئەرکی هونەر لە مەدا تەسك دبێتەوە کە لە شەڕ و کێشە و ململانێی هاوچەرخدا و لە قاڵبی خەباتی کۆمەڵایەتی‌دا بە شێوەی هەڵسووڕ دەور بگێڕێ و لە خەباتی چینایەتی دا خاوەنی هەڵوێست بێت. لەوەها دۆخێکدا ئەرکی هونەر و ئەدەب ئەمەیە کە لە بزاڤێکی کۆمەڵایەتی تایبەت داکۆکی بکا و بچێتە خزمەت ئەم بزاڤەوە. لە روانگەی ئەم گرووپەوە ئەگەر دەور و کاریگەری هونەر ئامانجەکەیان مسۆگەر نەکات، لەگەڵ دیاردەی "هونەر بۆ هونەر" بەرەوڕوو دەبین، دیاردەیەك کە بە وێنەی رۆڵی رووناکبیرانی (تەلار نشین) خۆ دەر دەخات، لە روانگەی ئەمانەدا دەبێ ئەم دیاردەیە بە توندی لەقاو بدرێ.

لە ئاستی حیهانی‌دا ئاپتون سینکلر (upton sinclair)، زەقترین نوێنەری ئەم رەوتەیە.

٢_ گرووپێکی تر پێیان وایە کە هونەر خۆی لە خۆی‌دا ئامانجە، بەم مانایە هونەر و ئەدەب پێوەندیان بە رووداوە کۆمەڵایەتییەکانەوە نییە، هیچ هۆکارێك هونەرمەند ناکاتە دەربەستی کێشە کۆمەڵایەتییەکان و بەم جۆرە هونەرمەند لە هەر چەشنە کۆت و پێوەندیەك رزگار دەبی، لەم روانگەیەدا تەنانەت هونەرمەند لە تێڕامان لە ئەندێشە مرۆڤیەکان و لە چەمکی قووڵی ئینسانیدا دەربەستی هیچ ئەرکێك نییە. لەم روانگەیەدا بەرچاوترین و سەرەکی‌ترین بنەمای هونەری ساتی داهێنانی هونەرییە. کە وابوو شوور و شەوق، یان خەم و دەردی هونەرمەند لە ساتی داهێناندا تاقە بڕیادەر و دیاری کەرە.

***

ئایا بەراستی ئێمە دەبێ یەکێك لەم دوو روانگەیە هەڵبژێرین؟
ئایا مافی هەڵبژاردنێکی ترمان نییە؟

٣–زۆر روونە کە ئەم دوو روانگەیە هەرتکیان چەوتن و بە لاڕێماندا دەبەن. لەم نێوەدا روانگەی سێهەم دێتە ئاراوە، یانی هونەرمەندی راستین بێجگە لە پیشاندانی خودی راستیەکان، زایەڵە و درێژەی رەوتی راستیەکانیش ئاراستە دەکات، یانی بنەمایی‌ترین فاکتەکان، وەستان و گۆڕأن پێناسە دەکات. هەڵبەت دەبێ تەئکیدی لە سەر بکەین کە ئەگەر لە سەر هونەرمەندێکی راستین قسە دەکەین، لەم نێوەدا رەنگدانەوە و زایەڵەی بەرهەمەکەی گەڵی مەزنتر و بەرینتر و گشت گیرتر و دەوڵەمەندتر و راستەقینەترە لە مەبەستی زەینی خودی هونەرمەندیش. هونەری بەرزی هونەرمەندێکی راستین بەردەوام سەر بەستتر و رەهاترە لەوەی خودی هونەرمەند بەراوردی دەکا. ئاوا بەرهەمێکی هونەری سەرتر و ئازادترە لە کۆت و بەند و کەم و کوڕییە کۆمەڵایەتییەکان و ئەو هۆکارە بەرهەستانەی کە بەرهەمەکە لە نێویاندا هەڵقوڵیوە. هونەرێك کە خاوەن زایەڵە و رەنگدانەوەی کۆمەڵایەتی نییە، بۆ خەڵك ئاڵۆز و دژوارە و خەسڵەتێکی تەواو تاکبێژانەی هەیە و تەنیا باسی خۆی دەکا و لە (من_ego )دا نوقم بووە و خنکاوە.

پێویستی دەنگدانەوە و هەبوونی بەردەنگان لە تایبەتمەندییە شکڵی و مانایەکانی هەر بەرهەمێکی‌بەرزی هونەرییە. یان بە وتەیەکی تر پێوەندی بەرهەمی هونەری لەگەڵ تیپێکی کۆمەڵایەتی‌دا زۆر پێویستە و لە باری جوانیناسییەوە بەستێن و بنەمانی گرسانی بەرهەمەکە پێك دێنێ. راستییە کۆمەڵایەتیەکان کە وەها پێوەندیەك دروست دەکەن بەردەوام تووشی ئاڵووگوڕ دەبن. لەوەها دۆخێکدا تەنیا هونەرمەندێك دەتوانێ بەرهەمێکی بەرز و نەمری هونەری بخولقێنێ کە بە سرنجدان بە ئاڵووگۆڕەکان قسەی سرنج راکێشی هەبێ. چوونکە پەیامێك گشت گیر و قووڵ و بە هێزە کە بتوانێ هێزە شاراوە کۆمەڵایەتییەکان و ئامانجی بزاڤەکانیش هەست پێبکا و بەمجۆرە بەردەوامی گەشە و ساغبوونەوەیەکی گونجاو لە شکڵ و نێوەرۆکدا مسۆگەر بکات.

سەرچاوە: گۆڤاری(آدینە) ژمارەی ٢٤– ١٢٣ وتاری گئۆرگ لوکاچ

# دوو کورتە شیعر لە "پەرویز زەبیحغولامی"

## ئارشام، شاعیران ئاوەها پیر دەبن

لە تەلەفیزیۆندا شەڕە
بەڵام تۆ بیر لە کارتۆنی مشك و پشیلە دەکەیتەوە
لە تەلەفیزیۆن فووتباڵە
بەڵام تۆ بیر لە تۆپێکی پلاستیکی دەکەیتەوە
لە تەلەفیزیۆندا قاچاخە
بەڵام تۆ بیر لە دەنکێ مۆز ئەکەیتەوە
لە تەلەفیزیۆندا دولارە
بەڵام تۆ بیر لە گیرفانە خاڵییەکانم ئەکەیتەوە
لە تەلەفیزیۆندا ژیانە
بەڵام...

***

ئارشام شاعیران ئاوەها پیر ئەبن

---

• • •

پێست بە دیوارەوە ناترسێت
-یاسای تەتەر و
بەیانی سەرماوەز-
شەش سەربازی بێ سەر
بێ گۆرانی
(جۆخەی ئاگر)
نیشانەك ئاسمانە و
سامالە

***

شەش سەربازی بێ سەر
بێ موراد
(جۆخەی ئاگر)
نیشانەك کۆتر و
سپییە
پێست بە دیوارەوە ناترسێت
_سەودای هیچە و
سەفەری بێ هوودە-

***

ئاگر! :
پێست دا ئەبێژرێت
شەش سەربازی بێ سەر
بۆ هەمیشە خەونیان ئەرزێ
بۆ هەمیشە خەونیان ئەرزێ.

## "..."

کۆچەر. ز
پێشکەش بە "ن"

ئەدەن لە پەنجەرە
ئەو دارانەی لە دەردی من
تێدەگەن
تۆش
دەزانم
لە دەردی من چاك دەزانی
چاك دەزانم
دەفتەری بێوێنەی نەقاشیم
چاوەڕوانی
ڕەنگین بوونەوەی دەرەختە
بەڵام
من دڵنیام
تازە هیچ درەختێ ڕەنگین نابێ
تەنانەت ئەز.

# بۆ ماندێلا

ئەحمەدی شاملوو
و/زەرتوشت




تۆ لەوپەڕی سەرزەوینی، لەم قەفەسی ئاگرینت
من لەم پەڕم
کەچی هێڵی پێوەندیمان
سەرتر لە هۆڵی زەمانە
کەمترین مەودای جیهانە!
تۆ "پیران"ی* شەمێکی کزو لەرزانی
لە بەر بێشەرمی زریانا
ئێمەمانان خویناگەری میرێکی لەبیرەوەچووین
لە نەزیلێکی رزیوا!؟
دڵنیابەودەستت بێنە بەرەولامان
جیرانی ژان!
تەنیا هەرتۆ خۆشنشینی
قەڵای بەرزی گیانبازی نیت
هەموو ئاشقان هاورێیانن
نەکا نامۆیان بزانی
دڵنیابەو سروودێك هەڵدە لەگەڵمانا
جیرانی ژان!

*شووشە چرا

### چیرۆکێکی مینیمالیستی

## چەن ئەوی منێك...

_مستەفا زاهیدی_

ئەمرۆ شەڕێکی قورس لە نێوان منومنـدا رووی دا. ئەو منەی کە منم حەزم لە ڤۆدکا و سەیران و بیلیاردە و ئەو منەی کە ئەوە رۆژنامە و کتێب دەخوێنێتەوە و جارجارەش بیرەیەك دەخواتەوە.

زۆر جار شەڕ لە نێوان دوو مندا سەر دەگرێ و تەنانەت جارێکیش ویستم خۆم لەم شەڕە رزگار کەم. بەڵام ئەو منەی کە ئەوی ترە بوێری ئەم کارەی لێگرتم.

تا دوێنێ من دەمزانی لەگەڵ سێ مندام. ئەو سێ منەی کە منن و نین. سێ منێك کە دانیان پێکەوە ناکوڵێ. منی رۆژنامە و منی ڤۆدکا و منی ژیان. بەڵام چیتان لێ بشارمەوە. ئەمرۆ لەگەڵ منێکیتر ئاشنا بووم. منێك کە عاشقێکی رۆمانسییە. بۆیە بۆ دەرباز بوون لەم هەموو منە دەمەوێ پەنا بەرم بۆ منێك کە نایناسم.

تۆی خوێنەر دەتوانی یارمەتییە فیکرییەکانی خۆت بخەیتە ژمارە حیسابی ١٠٠١ کە ژمارە حیسابی ئەم چیرۆکەیە.

# کۆنگرەی ژنی کورد لە تاران و چەند قسەیەك

فەریبا محەمەدی

"کاتێك لە وڵاتێکدا شەڕ هەیە نابێت باس لە مەسەلەی ژنان بکەی، کاتێك ستەمی نەتەوایەتی هەیە، مەسەلەی ژنان نا! کاتێك گرانی و فەقیری هەبێت، نا، کاتی! ئازادی نییە، باس لە مەسەلەی ژنان؟! نا، نا...."

بە داخەوە هەندێك لە دەسەڵاتداران، حیزبەکان و پیاوانی رۆشنبیر و هتاد، پێیان وایە نابێت لە وڵاتێکدا کە شەڕ، ستەمی نەتەوایەتی و هتد هەبێت، باس لە مەسەلەی ژنان بکەین. چونکە پێیان وایە تا مەسەلەی نەتەوایەتی و هتد چارە سەر نەبێت، نابێ ژنانی ئەو نەتەوە بن دەستە، باسی مافەکانی خۆیان بکەن. یان ئەگەر لە وڵاتێکدا شەڕ هەیە ژنان هەر بۆیان نییە، باسی ماف و شتی‌تر بکەن و تەنانەت هەندێك جار دەڵێن لە وەها هەلومەرجێکدا ئەم داواکاریانە تاوانە.

بۆچی ژنێکی عەرەب لە بەر ئەوەی کە لە عێراقدا شەڕ هەیە نەتوانێت باسی مافەکانی خۆی بکا؟ ئایا ئازادی دوای شەڕ و بە بێ شداری ژنان لە کۆمەڵگا مسۆگەر دەبێت؟

چلۆن دەبێت کە نیوەی کۆمەڵ لە ژێر فەرهەنگی پیاوسالاری و داب و نەریت و یاسا کۆنەکاندا لە نێو بچێت، بەڵام ئەو کۆمەڵگایە بەرەو دیمۆکراسی و رزگاری نەتەوەیی هەنگاو هەڵێنێت؟ ئایا پرۆسەی ئازادی و دیمۆکراسی جیا لە ئازادی ژن دەتوانی هەنگاو بەرەو پێش بنێ؟

ماوەیەك لە مەوبەر لە زانکۆی تاران کۆبوونەوەیك لە ژێر ناوی کۆنگرەی ژنی کورد بەرێوەچوو کە لە راستیدا کۆنگرە نەبوو، بەڵام کۆمەڵێك لە ژنانی چالاکی کوردستان و رۆشنبیران تێیدا بەشداریان کرد. بەڵام بە داخەوە بە پێی ئەو هەواڵانەی کە بڵاو بوونەتەوە لەم کۆبونەوەیەدا هەندێك چەواشەکاری لە باسەکاندا هاتە گۆڕێ و تەنانەت سووکایەتی بە هەندێك لە ژنان کراوە و ناو و ناتۆرەیان لێ نرا و خراپتر لەوە بەشێك لەم کێشە لابەلایە کەوتە سەر تۆڕی ئینترنێت. بە گشتی کۆنگرەکە بە باشی بەرێوە نەچووە و بە ناحەق کەڵکی پێویستی لێ وەرنەگیرا.

هەروەك پێشتر ئاماژەم پێکرد لەم کۆنگرەیەش دا باس لەوە کراوە کە تا کاتێك نەتەوەی کورد لە ژێر ستەمی نەتەوەییدایە، ژنان ناتوانن جیا لە نەتەوەکەیان بە شێوەی سەر بەخۆ وەدوای مافەکانی خۆیان بکەون.

یان هەندێك لە رۆشنبیرانی ئێمە لە سەر ئەو باوەڕەن کە بزووتنەوەیەك بە نێوی بزوتنەوەی ژنان، بوونی نییە و بە وشەی فێمێنیزم هەڵدەبەزنەوە.

لە کوردستانێکدا کە خەڵك دەیان ساڵە لە ژێر ستەمی نەتەوایەتیدایە و هەزاران ئینسانی شۆڕشگێڕ بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانی گەلی کورد گیانی خۆیان لە دەست داوە، هەنووکەش ئەم بزووتنەوە رزگاریخوازانە لە ئارادایە و سەدان ژن لەم رێگایەدا شان بە شانی پیاوان خەباتیان کردووە و گیانی خۆیان فیدای رزگاری ئازادی خەڵکەکەیان کردووە. کەوابوو نابێت لە بیرمان بچێت کە ئەم ژنانە هەم وەکوو ژنێك و هەم وەك کوردێکی ئازادیخواز تێکۆشاون، تاهاوکات لەگەڵ خەبات بۆ مەسەلەی نەتەوایەتی و عەداڵەتی کۆمەڵایەتی، لەگەڵ فەرهەنگی پیاوەمەزنی و داب و نەریتی کۆنیش بەربەرەکانێ بکەن.

بۆچی ژنی کورد کە لە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی گەلی کورددا بەشدار بووە و هەیە و لەم رێگایەدا خاوەنی ئەزموونێکی بەنرخە ناتوانێت داوای مافەکانی خۆی بکات و وەك هەموو ژنانی جیهان لەم بووارەدا رێکخراوی سەر بەخۆی هەبێت؟ بۆچی باس کردن لە فێمێنیزم تاوانە؟ یان بۆچی بە زمانێکی دیکە رەوتی رزگاریخوازی نەتەوەیی بە ناحەق لە بەرانبەر خەبات بۆ مافی ژن رادەگیرێ؟ کەی و بۆ ئەم دوو رەوتە لەگەڵ یەك ناکۆك بوون؟

ئەمرۆ بە خۆشحاڵییەوە لە کوردستان کۆمەڵێك ژنی زانا و رووناکبیر لە دەرەوە و ناوەوە، لە ناو رێکخراوەکان و لە دەرەوەی حیزبەکان هەن کە دەیانهەوێ مافەکانی ژنان بچەسپێنن و نەهێڵن مافی ژن پێشێل بکرێت و مەودا نەدەن رێگای هەموو ئەو تێکۆشەرە ژنانە کوێر بێتەوە کە پێشووتر و ئێستاش هەموو سەنگەرەکانی خەبات و تەنانەت سەنگەری سەختی خەبات، واتە پێشمەرگایەتی‌یان بە کوێرەوەری و بە سەربەرزیەوە فەتح کرد و توانای ژنیان لە هەموو ئەم بوارانەشدا خستە بەر چاوی هەموان. بۆ پشتیوانی لە براقی رزگاریخوازی ژن و مافەکانیان پێویستە ئەو ژنە تێکۆشەرانە تەنیا نەهێڵدرێنەوە و بە روونی پشتیوانیان لێبکرێ و لە هەمان کات بڵێم کە بزوتنەوەی ژنانیش خۆی بە پاڵپشتی هەموو رەوتێکی ئازادیخوازانە دەزانێ و هەر چەشنە دوو جەمسەری دورست کردنێك کارێکی هەڵەیە.

لە کۆنگرەی ژنی کورددا کە دەبووایە لە سەر چۆنییەتی بەرێوە چوونی ئەرك و کاری ئێستای ژنان لە کوردستان قسە بکرێت و هەوڵ بدرێت ژنان بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانی خۆیان چڕوپڕتر پێکەوە کار بکەن، بە داخەوە بەرژەوەندی یان کێشەی تاکە کەس زەق دەبێتەوە و دژی فێمینیزم و مەسەلەی ژنان دەدوێن و هەمان بیری پیاو مەزنی کە ژنان تەنیا لە روانگەی جنسییەوە دەبینن، خۆی دەر دەخات. بە داخەوە هەندێك پێیان وایە کە ژنان ئەگەر باسی فێمێنیزمیان کرد ئەوە مەبەستیان تەنیا ئازادی سێکسییە یان هەن کەسانێك



پێیان خوش بێ ئەم لایەنە زەق کەنەوە.

ئەمرۆ ژنێکی ئوروپایی تێدەکۆشێ تا لە هەموو بوارەکاندا پۆست و مەقامی سەرەکی و گرینگ وەئەستۆ بگرێ، بەڵام ژنانی وڵاتانی جیهانی سێهەم و لەو نێوەشدا ئێران کە لە سەرەتایی ترین مافەکانی خۆیان بێ‌بەشن دەبێت خەباتی خۆیان لە بنەماڵەکەی خۆیانەوە دەست پێبکەن و بۆباشترکردنی دۆخی ژیانی خۆیان دژواری و سەختی زۆر ببینن. هەل و مەرج و داب و نەریتی کوردستانیش لەمە باشتر نییە و بە هۆی زاڵ بوونی کولتوور و فەرهەنگی کۆن و ستەمی نەتەوایەتی، ژنان لە هەل و مەرجێکی نالەباردا ژیان دەبەنە سەر و حەق وایە هەمو دڵسۆزانی بزوتنەوەی نەتەوەیی پارێزەری مافی ژن و پشتیوانی چالاکی و خەباتی ژنان بن.

کاتێك لە کوردستان ژن بە هۆی دەربڕینی سۆز و خۆشەویستی رووبەڕووی گەلێك ئاستەنگ دەبێتەوە یان بە بیانووی خەوشدار کردنی شەرەف و ناموس دەکوژرێ،یان بۆ رزگار بوون لە چنگ دەرد و مەینەتییەکانی ژیان ئاگر لە جەستەی خۆی بەردەدات، چلۆن دەتوانرێت بە بیانووی هەبوونی ستەمی نەتەوایەتی مافەکانی ژنان بخرێتە پەراوێزەوە. لایەنگرانی ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە دەیانەوێ بە چ لێکدانەوە و بیرکردنەوەیەك نەوەی داهاتوو پەروەردە بکەن؟ نەتەوەیەك کە دژ بەم دیاردانە هەڵوێستی نەبێ کەی دەتوانی خەبات بۆ رزگاری خۆی بە سەرکەوتن بگەیەنێ؟

بۆ دەبێت بیری ناسیۆنالیزمێکی بەرتەسك وامان لێ بکا کە نەهێڵین ژنانێك کە توانیویانە لەم دۆخە نالەبارەدا خۆ پەروەردە بکەن و داوای مافەکانی خۆیان بکەن، بەرەو پێش گەشە بکەن و بوار بۆ ژنانی خەباتکاری تر بڕەخسێنن وبۆ دەبێت لە ژنی ئازا و نەترس وەحشەت بکەین؟ بە دڵنیاییەوە ئەوانەی باس کردن لە خەبات بۆ ئازادی ژن، بۆ عەداڵەت، بۆ مافی کرێکاران دەخەنە دوای رزگاری نەتەوەیی و ئەم باسانە بە کۆسپ لەسەر رێگای خەباتی نەتەوەیی دادەنێن، خەمخۆر و دڵسۆزی خەڵکی کوردیش نین و بەم جۆرە بیرکردنەوە زیان بە براقی رزگاری گەلی کورد دەگەیەنن و بەرتەسك و بێ ناوەرۆکی دەکەن.

تا کاتێك ژن کۆیلە بێت و ئاستی تێگەیشتنی لە خوارەوە بێت ناتوانین بۆ ئازادی کۆمەڵگا و مەسەلەی نەتەوەیی تێبکۆشین.

ژنی کورد بەر لەوەی کە وەکوو کوردێك بچەوسێتەوە وەك ژنێك کە مافی ئێستای پێشێل کراوە دەبێت هەوڵ بدات بۆ مافە رەواکانی خۆی و هاوکاتیش بۆ رزگاری نەتەوەکەی تێبکۆشێ.

بە هەر رادەیەك ئاستی وشیاری ژن بڕواتە سەرەوە بە هەمان رادەش کۆمەڵگا بەرەوپێش دەڕوا و گەشە دەکات. ئەگەر ژنانی کورد لە کوردستانی ئێران بۆ چەسپاندنی مافەکانی خۆیان هەوڵ بدەن لە دوا رۆژی ئازادیدا کۆمەڵێك ئاسانکاریت بۆ دەکرێت و رەوتی بەرەو پێش چوونی کۆمەڵگا خێرایی زیاتر بە خۆیەوە دەبینێ.

ژنانی کوردستانیش دەتوانن وەکوو هەموو ژنانی جیهان باسی فێمێنیزم و بزووتنەوەی سەربەخۆی خۆیان بکەن. هەر چەندە ئەم بزووتنەوەیە ، بە تەواوی شکڵی نەگرتبێت و لە دارە دارەدا بێت، بەڵام دەتوانێ هەنگاوی باش هەڵبگرێ.

بۆ گەیشتن بە کۆمەڵگایەکی ئازاد و بۆدەستەبەرکردنی مافە ئینسانییەکان هەموو ژنان و پیاوانی ئازادی خواز دەبێت هاو دەنگ پێکەوە خەبات بکەن و نەهێڵین کێشەی چکۆلە یەك ریزیمان تێك بدا.

****

# کورد و فێمینیزم

## (١)

مستەفا زاهیدی

فێمێنیزم وەك ڕەوت و بزوتنەوەیەکی جیهانی بۆ پارێزگاری لە ماف و داخوازی ژنان کە ئیتر ئەمڕۆ چووەتە ناو گۆڕەپانی سیاسەت و بە تەنیا بزوتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی نییە، بە چەند ڕوانگە و بۆچوون دەناسرێتەوە. یان دەتوانین بڵێین لە ڕاستیدا هەڵسوڕاوانی ژن لە ناو هەموو ڕوانگە فیکری و سیاسی و کۆمەلایەتییەکاندا تێکۆشاون مۆرکی خۆیان لەم بزوتنەوەیە بدەن. ئێمە تێدەکۆشین لە درێژەی ئەم زنجیرە وتارەدا ئەم ڕوانگانە بناسێنین و بیاندەینە بەرباس. ئێستا ماوەیەکە فێمێنیزم لە ناو ڕوناکبیران بە گشتی و چالاکانی بزووتنەوەی ژنان بە تایبەتی باسی لەسەر دەکرێ و دەناسێندرێ، بۆیە پێم باش بوو لەمبارەوە چەند سەرنجێك بخەمە بەر دیدی خوێنەران و لە پێشدا بە پرسیارێك دەست پێدەکەم: ئایا ڕەوتی فێمێنیزم لە بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەوڕۆی کوردستان بە چ ئاراستەیەکدا دەڕوا و هۆکارەکان چین؟.

لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا سەرەتا ئەم پرسە دێنینە گۆڕ کە ئایا لە کوردستان بزووتنەوەی فێمێنیستی لە ئارا دایە؟ ئەگەر هەیە تایبەتمەندییەکانی کامانەیە؟ ئەگەر نییە هۆکارەکانی چین؟

لە وەڵامی پرسیاری یەکەمدا باشتر وایە بڵێین بە داخەوە بە زۆر هۆکاری کۆمەڵایەتی و سیاسی تا هەنووکە ئێمە بزووتنەوەیەکی جەماوەری، بەرین و گەرم و گوڕی فێمێنیستی نابینین. تا ئێستا ئەوەی لای ئێمە هەیە وشیاریەکی کۆمەڵایەتییە و بە ئاگا هاتنەوەی بەشێك لە ژنانی کۆمەڵگای کوردییە لەو ستەمەی کە لێیان دەچێ،کە (ئیمیل دوورکیم) بە وشیاری شارۆمەندی ناوی لێدەبات.کە دەڵێین بەشێك لە ژنان بە داخەوە مەبەست لە ڕێژەیەکی کەم لە ژنانی خوێندەواری کوردستانە کە لە چاو ڕێژەی ژنانی کۆمەڵگای کوردستان لە کەمینەدان. بە زمانێکی‌تر ئەم بزوتنەوە هێشتا سەرەتایی و لاوازە، هەرچەند مەیدان و زەمینەی بۆ گەشەکردن زۆرە. پرسیارێکیتر ئەوەیە، ئەو هۆکارانە چین کە بوونەتە هۆی ئەوەی لای ئێمە بزووتنەوەی ژنان بە شێوەیەکی ڕێکخراوەیی گەورە شکڵ نەگرێ.؟

١) هۆکاری سیاسی

گەورەترین هۆکار کە ڕێگرە لە بەردەم سەرهەڵدانی بزووتنەوەیەکی ڕێکخراوەیی بەرینی ژنان لە کوردستان هۆکاری سیاسییە.تا هەنووکەش کورد گەورەترین کەمینەی بێ وڵاتە کە وڵاتەکەی لە لایەن دەسەڵاتدارانی چواردەورییەوە داگیر کراوە. بە شێوەیەك کە ئەو دەسەڵاتدارانە بە هەموو شێوەیەك هەوڵیان داوە بۆ سەرکوتی هەر چەشنە بزووتنەوەیەکی ئازیخوازانە و تەنانەت سڕینەوەی ئاسەواری نەتەوەی کورد لە وڵاتانی ئێران، تورکیا، سووریا، عێراق.

بزووتنەوەی ژنانیش وەك بزووتنەوەیەکی ڕزگاری‌خوازانە بەردەوام لە لایەن دەسەڵاتدارنی دیکتاتۆرەوە کە وەك کۆلۆنیایەك چاو لە کوردستان دەکەن سەرکوت کراوە. هەروەها تا ئێستاش خەمی وڵات و ئازادی نیشتمان خەمێکی گەورەی نەتەوەی کوردە کە دەتوانین بڵێین چەتری کێشاوە بە سەر خەمە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی تردا. بە شێوەیەك کە ئەم خەمی بێ وڵاتییە وای کردووە کە بەشێکی زۆر لە تاکەکانی کوردستان و تەنانەت ڕێکخراو و حیزبە کوردییەکانیش ئەو کێشانە دابنێن بۆ پاش ئازادی کوردستان و بایەخی پێویستی پێنەدەن. بۆ وێنە لە کوردستانی باشوور پێش ساڵی ٩١ پرسی نەتەوەیی وەها چەترێکی بە سەر کۆمەڵگادا کێشابوو کە بەس کێشە نەتەوەییەکان دەبیندرا.

بەڵام سەرەڕای ئەمانەش ئێمە ناتوانین نکۆڵی لە بزووتنەوەیەکی هەرچەن کەمی ژنان بکەین کە لە کوردستان و لە سەر دەستی توێژی خوێندەوار و ڕوناکبیری کۆمەڵگا بە گشتی و ژنان بە تایبەتی هاتۆتە گۆڕێ. ڕەنگە ئەم بزووتنەوانە بە تایبەت لە ڕۆژهەلاتی کوردستان نەیانتوانیبێ بە هۆی داخراویی سیاسی کۆمەڵگاوە خۆیان ڕێکخراوکەن، بەڵام بزووتنەوەیەك لە ئارادایە کە گەورەترین کێشەی لە هەموو پارچەکانی کوردستان ناڕێکخراو بوونی ئەو بزووتنەوەیە. هەڵبەت لە باشووری کوردستان بە تایبەت لە دوو شاری سلێمانی و هەولێر هەوڵ دراوە بۆ ڕێکخراو کردنی ژنان. بەڵام ئەم هەوڵە هەوڵێ نییە کە توانیبێتی لە بواری سیاسییەوە خۆی داسەپێنێ.چونکە وەك لە سەرەتای بابەتەکەدا ئاماژەی پێکرا بزووتنەوەی فێمێنیستیی لە هەموو جیهان وەك بزووتنەوەیەکە کە چۆتە گۆڕەپانی سیاسییەوە و وەك بزووتنەوەیەکی تۆخ کۆمەڵایەتی نەماوە.

٢ ) هۆکاری کولتووری

دووهەمین هۆکاری ڕێگر لە سەر پەرەگرتنی بزووتنەوەی فێمێنیستی لە کوردستان، هۆکاری کولتوورییە. بەداخەوە کۆمەڵگای کوردی بە زۆر هۆکار کۆمەڵگایەکی‌داخراوە. کولتوورێ کە بەسەر کۆمەڵگای کوردستاندا زاڵە کولتوورێکی کۆن و ئیسلامییە. ئەم ئایینە پاش ئەوەی کە بە زۆر بە سەر خەڵکی کوردستاندا داسەپا زۆر کاریگەریی نەرێتیانەی بووە لە سەر کۆمەڵگای کوردی بە گشتی. کۆمەڵگای کوردی پێش هاتنی ئایینی ئیسلام زەردەشتی بوون کە زۆر ئایینێکی ڕادیکاڵترە لە ئایینی ئیسلام. لە ئایینی ئیسلامدا ژن وەك بوونەوەرێ چاوی لێدەکرێ کە خۆی بۆ خۆی خاوەنی هیچ ئیختیارێ نییە. کەسایەتی ئەو بەستراوەتەوە بە پیاوێکەوە. لەم ئایینەدا ژن بوونەوەرێ نییە کە وەك مرۆڤێکی خاوەن بەها چاوی لێبکرێ بەڵکوو بە پێی زۆر بەڵگەی ئایینی ژن کۆیلەیەکە بەدەست پیاوەوە.هەڵبەت ئەمە بەو مانایە نییە کە پاکانە بۆ ئایینی زەردەشت بکرێ ، بەڵام بەپێی مانیفێستی زەردەشتییەکان، ئەو ئایینە زۆر ڕادیکاڵ ترە لە ئایینی ئیسلام.

لە کۆمەڵگای کوردیدا ژن بوونەوەرێکی بە پەراوێز کراوە کە کەوتۆتە پەراوێزی کۆمەڵگاوە و لە ناو ماڵدا زیندانی کراوە. ئیزنی زۆر کاری نییە کە مرۆڤێ دەتوانێ بیکات. هەرکام لەمانە خۆی لەخۆیدا کاریگەری ڕاستەوخۆیان هەیە لەسەر نەستالۆژیای تاك. ئەم کولتوورە وای کردووە کە تاکی مێینەی کۆمەڵگاش ئەو ورەو بڕوا بە خۆییەی لەدەس بدات. هەروەها ڕەنگە هەندێك لە خۆشیان بەشێك بن لەو هێزە چەوسێنەرەی کە لە خزمەت بیری پیاو مەزنی‌دایە.

٣. نەبوونی میدیا و ڕاگەیاندنی کاریگەر کە لەم بووارەدا کار بکات.

بێگومان میدیا و ڕاگەیاندن دەورێکی فراوان دەگێڕێ بۆ وشیار کردنەوەی جەماوەرو بە ئاگا هێنانەوەیان. بە داخەوە تا ئێستا ئەو میدیا و ڕاگەیاندنانەی کە لە کوردستان هەن نەیانتوانیوە بە شێوەیەکی باش و ئەرێیانە کاریگەریان ببێ لە سەر بەخشینی وشیاری فێمێنیستی لە کوردستان. لە سێ بەشی کوردستاندا واتە کوردستانی بندەستی ئێران ،سووریا، تورکیا، هێشتا هیچ شێوە ئازادیەکی ڕۆژنامەگەری و ڕاگەیاندن نییە. لەم بەشانەدا بە هۆی دەسەڵاتداری کۆنەپارێزو کۆنسێرڤاتیڤەوە تاکی کۆمەڵ لەو مافە ڕەوایەی خۆی بێبەری کراوە. لە باشووری کوردستانیش (کوردستانی ئازاد) سەرەڕای ئەوەی کە تا ڕادەیەکی فراوان ئازادی ڕاگەیاندن هەیە بەڵام ژنانی کورد هێشتا مەودایان پێنەدراوە بە شێوەیەکی باش لەو کاناڵە کەڵك وەربگرن بە مەبەستی‌جێ‌خستنی خۆیان. هێشتا ژنان لە باشووری کوردستان خاوەنی کاناڵێکی تەلەفیزیۆنی ناوچەیی نین. یان ڕادیۆیەکی وەهایان نییە کە بتوانن دەنگی خۆیان بە کۆمەڵ بگەیەنن. بۆیە دەبینین ئەم ڕێکخراوانە نەیانتوانیوە سەرکەوتنێکی پێویست بە دەست بهێنن. هەروەها لە بواری ڕۆژنامەوانیشدا ڕێکخراوە ژنانەکان نەیانتوانیوە کەڵکی بەجێ لەم ئامرازە وەربگرن بۆ گەیاندنی دەنگی خۆیان بە کۆمەڵگا . . .

ل١٢

● میدیا و ڕاگەیاندن دەورێکی فراوان دەگێڕێن لە وشیار کردنەوەی جەماوەرو بە ئاگا هێنانەوەیان. بە داخەوە تا ئێستا ئەو میدیا و ڕاگەیاندنانەی کە لە کوردستان هەن نەیانتوانیوە بە شێوەیەکی باش و ئەرێیانە کاریگەریان بێ لە سەر بەخشینی وشیاری فێمێنیستی لە کوردستان.



... و وەڵامی پڕبەپڕی پێویستییەکان بدەنەوە

## ڕۆشـــنبیری فێمینیســـتی و هەڵسووڕاوانی ئەو بووارە

خەسارێکی‌تر کە برێك لە ڕێکخراوە ژنانـــەکان دەگرێتـــەوە ترســـی هەڵسووڕاوانی ئەو بووارەیە لەو چەمکە. تـا ئێستا بەشـێك لـە هەڵسـووڕاوانی بـوواری ژنـان کـە ڕەنگـە بـە شـێوەی چالاکانە لـەو بـووارەدا کـار بکـەن لـەوە دەترسن بە خۆیان بڵێن فێمینیست، وەك ئـەوەی لـە ژێـر نـاوی ئـەم چەمکەدا زۆر تاوان کرابێ، کە ئەو ناوە ئەوان بخاتـەوە بـیری ئـەو تاوانانـە.یـان ئـەو تاوانانـەیان پێـوە دەلکێنـێ. بـەڵام ئـاخر بـە نـاوی فێمینیزمـەوە چ تاوانـێ کـراوە کـە ئـەو هەڵسووڕاوانە دەترسـن بـە خۆیـان بڵـێن فێمینیست؟ مەگەر تـەنیا تـرس لـە داب و نەریتی کۆن و دواکەوتو بیانترسێنێ.

ئەگـــەر لایـــەنگرانی فێمینیـــزم دەیانەوێ بەو شێوە خۆیان لەو بۆچوونە دووربخەنـەوە کـە فێمینیـزم بـە ڕەوتـێ دەزانـێ کـە دەیهـەوێ دەسـەڵاتی ژن سـالاری دابمـەرزێنێ مـن لام وایـە ئـەوە شێوازێکی نارەوایە و بەو شێوەیە ئەوان مەشرووعیيەت ئەدەن بەو کەسانەی کە بـە تێگەیشـتنی ناڕاسـتەوە لـە سـەر فێمینیـزم دەدوێـن. هەرچـەن مـن لێـرەدا نکـۆڵی لـەوە ناکـەم کـە ڕەوتێکـی فێمینیستی هەیە کە دەیهەوێ دەسەڵات بگەڕێنێتـەوە بـۆ لای ژنـان. کـە تەنانـەت ئەوانـەش لـە ڕۆژئـاوا لـە نـاو فێمینیسـتەکاندا لـە کەمینـەدان. ئـەوان لایانوایـە بـەو هۆیـەی کـە ژن خـاوەنی ڕۆحیەیەکی نەرمەو دوورە لە هەر چەشنە تونـدو تیـژی ئەگـەر دەسـەڵات بەدەسـت ئەوان بێ جیهانێکی ئارام و بی شـەڕو شـۆڕ دەبـێ. ئـەم بۆچـوونە گیروگرفتـە ئابوری و کۆمەڵایەتیەکان نابینێ، بەڵام بە هەر حاڵ ئەوانیش ڕەوتێکن کە بوونیان هەیە و لە ڕاستییدا ئەوە پەرچەکردارێکە بەرامبەر ئەو هەڵاواردنە مێژووییانـەی کە بـە زۆر هۆکـار کـە لـە سـەرەوە ئامـاژەی پێدرا و بە سـەر ژنانـدا داسـەپاوە. بـەڵام ئـەوەی فێمینیسـتی کـورد دەبـێ بیکـا خســـتنە ڕووی دەرکێکـــی ڕاســـتو ئاشکرایە لەو چەمکە و بۆ ئەو مەبەستە تێدەکۆشـین کـە لـە درێـژەی باسـەکەدا روانگـــە جوراوجۆرەکـــانی فێمینیـــزم ناوبـەرین و بیانناسـین و دواتـر قسـەی زۆرتر لە هۆکار و ڕێگاچارەکان بکەێن.

## پیاوی کورد و پرسی فێمینیزم

لێرەدا ئێمە پرسێك دێنینە گۆڕ کە پیـاوی کـورد تـا چـەندە بەشـداری ئـەو بزووتنەوەیە کە تازە خەریکە پێدەگرێ؟

ئەگـــەر چـــاوێ لـــە بزووتنـــەوە فێمینیسـتییەکانی دونیـا بکـەین هـەموو ئـەو بزووتنەوانـە ئەنـدامی پیاویشـیان هەیـــە. بـــە شـــێوەیەك کـــە پیـــاوانی فێمینیستیش لە وڵاتـە جۆربەجۆرەکانی جیهاندا شان بە شانی ژنانی فێمینیست هـــەوڵ ئـــەدەن بـــۆ نەهێشـــتنی ئـــەو هەڵاواردنانەی کە بە درێژایی مێژوو بە سەر ژناندا داسەپاوە. بەڵام بەداخەوە تا هەنووکـە هـیچ کـام لـە ڕێکخراوەکـانی ژنانی کوردستان ئەندامی پیاویان نییە .تەنانەت ڕێکخراوێکی چالاکیش وەکوو سـەنتەری ڕاگەیانـدنی ژنـان (ڕێـوان) لـە شارێکی گەورە وەك سلێمانی نەیتوانیوە لـە نـاو ژنـانیش دا بـە شـێوەیەکی بـاش ئەندامگیری بکات. یان ئەندامگیری نییە. ئەمە سەرجەم بزووتنە فێمینیستییەکانی کوردســـتان دەگرێتـــەوە .بـــە داخـــەوە ئەنـــدامگیری هـــەموو ئـــەو ڕێکخـــراو و بزووتنەوانە بە شێوەیەکی بەربڵاو نییە. یـان ئەنـدامی پیاویـان نییـە. جـا چ ئـەو






بزووتنەوانـەی کـە بـە شـێوەی ئاشـکرا ئـــیش دەکـــەن وەك بزووتنـــەوەکانی باشووری کوردستان چ ئەو ڕێکخراوانەی کـە لـە بەشـەکانی تـری کوردسـتان بـە شـێوەیەکی نیـوە نهێنـی ئـیش دەکـەن. هەرچـەن نـاکرێ نکـۆڵی لـە بـوونی ئـەو پیاوە نووسەرانە بکەین کە چالاکانە لە ڕۆژنامەکاندا خەریکی نووسینن لـە سـەر ئـەو کێشـەیەی کـە وەك کێشـەی ژنـان دەناسرێتەوەو کێشەی ژنان بە کێشـەی کۆمـــەڵگا دەزانـــن و بـــە ئـــەرکێکی ڕۆشنبیرانەی دا دەنێن کە لـەو بووارەدا ئیش بکەن و شان بە شانی باڵەکەی تری کۆمەڵ بۆسڕینەوەی ئەو هەڵاواردنانـەی کە پاشماوەی کۆمەڵگای باوك سالاری و دەرەبەگایەتییە لـە کوردستان. بـەڵام بـەم حاڵەشـەوە ئـەوان لـە بەرامبـەر پیـاوانی کۆمـەڵگای کـوردیدا لـە کەمینـەدان و تـا هەنووکـەش نـا ڕێکخـراون. تەنانـەت ڕێکخراوە ژنانەکانیش ئەوان بە بەشێك لە خۆیان نازانن و بە ئەوی تریان دا دەنێن. ئەمـە لـە حاڵێکدایـە کـە کێشـەی ژنـان نـاکرێ وەك کێشـەیەکی تـۆخ ژنانـە چـاو لێبکـرێ، بـەڵکوو ئـەوە کێشـەی کۆمەڵگایـەو بەشـێکی گـەورەی ژیـانی کۆمەڵ دەگرێتەوە. لێرەدا هـەن ئەو تاکە نێرینانـەی کـە ئـەو کێشـە بـە کێشـەیەك نـازانن لـەدەرەوەی واقیعـی ئـەوان، هـەر بۆیە هەوڵ ئەدەن بۆ نەهێشتنیان. بـەڵام بەداخەوە وەك پێشتر ئاماژەی پێدرا بـەو هۆیەی کە ئەو ڕێکخراوانەی کار بۆ ژنان دەکـەن نـەیانتوانیوە گشـتی ببنـەوەو هـەروەها ئەنـدامی پیاویـان نییـە و نـەیانتوانیوە ئـەو ژمـارە هەرچـەن کەمـە پیاوەی کۆمەڵ ڕێکخراو بکەن.

## هەڵســووڕاوانی فێمینیســتی کوردی دەرەوەی وڵات

ئـەوەی تـا ئێسـتا ئێمـە باسمـان کـرد بزووتنـەوە فێمینیستییەکانی نـاوەوەی کوردستان بوو. بەڵام نکۆڵی لـەوە ناکرێ کە بەشێکی زۆر لە خەڵکی کوردستان لـە تاراوگـــەن و پەرتـــەوازەی وڵاتـــە جۆربەجۆرەکانی جیهانن. ئەو بەشە زۆرە هـەموو توێـژێك دەگرێتـەوەو ،هـەروەها نابێ نکۆڵی لەوە بکرێ کە بەشێکی زۆر لەو کوردە تاراوگەییانە کەسانێکن کە بە زۆر هۆکـاری سیاســی و ڕۆشــنبیری واپـەڕیوەی هەنـدەران بوونـە. کـە ئەمانـە کەسی فێمینیستیشیان تیایە کە ڕەنگە ڕۆژێ لــە شــارەکەی خۆیــدا هەڵســووڕاوێکی چـالاکی ئـەو بـووارە بووبێـت. هـەروەها نابێ نکـۆڵی لـەوەش بکرێ کە تاراوگە دەورێکی سەرەکی بووە لـە سـەر بزووتنـەوە جۆراوجۆرەکـانی وڵاتـانی جیـاواز. بـۆ وێنـە لـە دەورانـی ڕەشی ستالیندا لە ڕووسییە کاتێ بەر بە هەڵسووڕانی ئازادانەی بەشێکی زۆر لە نووسـەرانی ڕووس وەك مایاکۆفسکی و یاکۆبسـن و... دەگیرێـت ئـەوان دەچـنە تاراوگـە و لـە تاراوگـە درێـژە بـە کـاری ئـەدەبی و ڕۆشـنبیری خۆیـان ئـەدەن و لەوێوە کاریگەریان دەبێ لە سەر ڕەوتـی ئـەدەبی و ڕۆشـنبیری وڵاتەکـەیان. بـەڵام ئێستا پرسیار ئەمەیە کە هەڵسووڕاوانی فێمینیستی کورد لە تاراوگەو ڕۆژئـاوا چـەندە توانیویانـە کاریگـەریان ببێ لـە سـەر بیچـم گرتنـی ئـەم بزووتنەوەیە لـە نـاوخۆی کوردسـتان؟ ئـەوان چـەندە توانیویانـە کێشـەی ژنـی کـورد بـە کۆمەڵگای کوردی بناسێنن؟

لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا دەبێ بڵێین سەرەڕای ئەوەی کە ئێمە ناکرێ نکۆڵیلە هەڵسووڕانی چـەن تـاکێکی ژنـی کـورد بکەین لە تاراوگە بەڵام بەداخەوە ئەوان بە زۆر هۆکار تا ئێستا نـەیانتوانیوە دەنگی خۆیان بە کۆمەڵگای کوردی بگەیەنن.

١) دوور بوونی ئەوان لە کۆمەڵگای کوردیو نـەبوونی شـوێنێکی گشـتی بـۆ گواستنەوەی دەنگـی ئـەوان بـۆ نـاوەوەی کۆمـەڵگای کـوردی، کـە ئەمـە وەك کێشـەیەکی گـەورە دەکـرێ چـاوی لێبکرێ. چـونکە تـا ئێسـتا گـەورەترین بڵەندگۆیـەك کـە ئـەوان دەنگـی خۆیـانی لێوە دەردەبڕن ماڵپـەڕە ئینتێرنێتییەکانن کـە بەداخـەوە تـا ئیستا لای ئێمـە کـەڵك وەرگـرتن لـە ئینتێرنێـت دەروونـی نەبۆتەوەو تەنانەت زۆرن ئەو بنەماڵانەش کە کەڵك وەرگرتن لە ئینتێرنێت لە کچانی خۆیان قەدەغە دەکەن. هەروەها خۆی لە خۆیشـیدا ئینتێرنێـت شـتێکی گشـتی نییـە کـە هـەمووان بتـوانن کـەڵکی لێوەربگرن و ڕێژەیـەکی کـەم لـە خـەڵکی کوردستان دەتوانن لەم ئامرازە مۆدێرنەی ڕاگەیاندن کەڵك وەربگرن.

٢) کێشەیەکیتر کە لـە بەردەم ئەو کەسانەی تاراوگەدایە کێشەی ناڕێکخراو بوونیانـە. بەداخـەوە بـە هـۆی پەرتـەوازە بوونیانەوەو بەو هۆیەی کە هەرکام لەوان لـە وڵاتـێکن نـەیانتوانیوە ڕێکخراوێکـی وەها پێك بهێنن کە بتوانن کاریگەر بن لە سەر کۆمەڵگای کوردستان.

٣) کێشـــەیەکی تـــر کـــە هەڵسووڕاوانی بواری ژنان لە ڕۆژئاوا لە گەڵیدا ڕووبەڕوون کێشەی شێوەی ژیانە لـە ڕۆژئـاوا. ئـەوان دەبـێ خۆیـان لـە گـەڵ ژیـــانی مونـــەزەم و ماشـــێنی ئەوێـــدا بساچێنن بـە شـێوەیەك کـە ئەم ساچانە دەبێتە هـۆی ئـەوەی کە بەشێکی زۆر لە وزەی خۆیـان بخەنـە گـەڕ بـۆ بـە ڕێـوە چوونی ژیانیان. هـەر بۆیـە ئەوان کەمتر لەوەی کە دەبێ دەپەرژێنە سەر کاروباری ڕۆشـنبیری ژنانـە. هەڵبـەت ئەمـە شـتێك نییە کە تەنیا هەڵسووڕاوانی بواری ژنان بگرێتـــەوە بـــەڵکوو ئەمـــە شـــتێکە کـــە دەتوانین بڵێن هەموو ڕۆشنبیرانی تاراوگە دەگرێتـەوە. بـەڵام ئێمـە لێـرەدا مـژاری باسەکەمان لـە سـەر فێمینیزمـی کوردییە هەر بۆیە چەقی باسەکەمان لە سەر ئەوە خەسـت کردۆتـەوە و زۆرتـر دەپەرژێینـە سەر ڕۆشنبیرانی ئەو بوارە.

ماویەتی

شۆڕش دەورەی دووهەم، ژمارە (٤٢). نیوەی دووەمی بەفرانباری ١٣٨٣

# پێناسەیەکی کورت بۆ چەمکی ئیسلامی سیاسی

فارووق وەکیلی

*_ کورتەیەك لە مێژووی اخوان المسلمین وەك یەکەم رێکخراوەی ئیسلامی سیاسی:*

لە کاتێکدا کە بیری سۆسیالیستی تەشەنەی سەندبوو بۆ زۆربەی وڵاتانی دنیا لە لایەکەوە وسەرمایەداری رۆژئاوا لە لاکەی دیکەوە لە گەڵیدا لە بەرانبەرکێدا بوو وڵاتی میسر یەکێك لەو وڵاتانە بوو کە شەپۆلی هەر دوو لا کاریگەری لە سەر دانابوو نوخبەی ئیسلامی وقوتابییانی مەکتەبی رەشیدرەزا لە زانکۆی ئەزهەر کە یەکێك لەوقوتابییانە شێخ حەسەن بەننا بوو و هەستی بەو گۆڕانکاریانە کرد کە روبەڕووی کۆمەڵگای میسر بوەتەوە،(هەر بۆیە چووە لای شیخ دجەوی کە پێوەندی پتەوی لەگەڵ بەرەی ئیسلامیدا گرتبوو، پێشنیاری پێك هێنانی رێکخراوێکی سیاسی کرد و پێی وت نەتەنیا لە بەر خاتری ئیسلام بەڵکوو لە بەر خاتری خۆمانیش بووە دەبێ ئەو کارە بکەین، ئەگەر کار بۆخوا وئەو دنیاتان ناکەن، ئەوا کار بۆ ئەم دنیاتان بکەن کار بۆ ئەو پاروە نانە بکەن وا دەیخۆن ، خوێندکار چیدی خۆیان لە ئەزهەر ناونووسی ناکەن ئەگەر فریا نەکەوین هیچمان بۆ نامێنێت. بە بڕوای ئەو بۆ پێش گیری لە هێرشی یەکسانی خوازی سۆسیالیزم لە لایەکەوە ولە لاکەی دیکەوە هێرشی سەرمایەداری رۆژئاوا کە لە دیدی ئەوانەوە هەردوکیان زەرەرمەند بوون بۆئەوان، سەرئەنجام دەستیان دایە پێك هێنانی رێکخراوێکی سیاسی کە بە گوتەی حەسەن بەننا رێگر بێت ونەهێڵێت بێ دینی وجاهلییەت بە سەر خەڵکی میسردا زاڵ بێت.

اخوان المسلمین نێوی ئەو رێکخراوە بووکە لە مارسی ١٩٢٨ دا لە شاری ئیسماعیلییەی میسر لە سەر دەستی شێخ حەسەن بەننا پێکهات، یەکەمین رێکخراو بوو کە لە دووای لە ناوچوونی خەلافەتی عوسمانیەکان کاری سیاسی کردە ئەرکی موسڵمانان. لە چەندین شاری وڵاتی میسر لقی لێبوەوە و پاشان بارەگای ناوەندی رێکخراوەکە لە ئیسماعیلییە گواسترایەوە بۆ قاهیرە و پاش ئەمەش لە چەن وڵاتی سودان، میسر، مەغریب لقی دامەزراند و وای لێهات ژمارەی لقەکان بگاتە ٥٠. هەروەها حەفتانە رۆژنامەیەکیان دەر ئەکرد بە نێوی رێکخراوەکەوە (ئیخوان موسلیمین). پێویست بە وتنە کە هەر پاش ماوەیەك دەزگایەکی نهێنیان پێك هێنا کە راستەوخۆ لە ژێر چاوەدێری حەسەن بەننادا بوو ئەرکی ئەم رێکخراوە ئەنجامی کاری توند و تیژی و تیرور بوو بە تایبەت ئەو کاتەی کە عبدالرحمان سندی ببووە بەرپرسی. لە پاش دامەزرانی اخوان المسلمین هەر چی رێکخراوی ئیسلامی سیاسی لە میسر پێك هات درێژکراوەی ئیخوانەکان بوون وبە نێوی جیاجیاوە دەستیان دایە چالاکی وخۆ رێکخستن و تەشەنەیان سەند، لە چەن رێگەی جۆراجۆرەوە کەڵکیان وەر ئەگرت بۆکۆکردنەوەی خەڵك لە دەوری رێکخراوەکە بۆنمونە زانکۆی ئەزهەر، راگەیەنە گشتییەکان، حەج و هەروەها ناردنی کەسانی لێزان و توانا لە بوواری رێکخستن دا بۆوڵاتانی سوننی نشین وپەروەردەکردنی کەسانێك لەو وڵاتانە.

*- ناوەرۆکی ئیسلامی سیاسی*

هەر بەو شێوەی ناتوانی چەمکێکی تایبەت بە عیلمانیەت(سێکۆلاریزم)دیاری بکەی ئاوەهاش دیاری کردنی یەك چەمك بۆ ئیسلامی سیاسی ئەستەمە، واتە سێکۆلاریزمێك کە لە تورکیە هەیە جیاوازە لەو سێکۆلاریزمەی لەئاڵمان هەیە یا خود سێکۆلاریزمی سوئێد وئەمریکا جیاوازن لەگەڵ یەکتر، لە بەرانبەریا ئیسلامی سیاسیەك کە القاعدە باوەڕی پێیتی جیاوازە لەو ئیسلامی سیاسییەی کە اخوان المسلمین والدعوەی عێراقی باوەڕیان پێیەتی. هەروەها ئیسلامی سیاسی شیعە وسوننی دانیان پێکەوە ناکولێ هیچکامیان ئەوی دیکە تەنانەت وەك لایەنگر و ئەندام قبوول ناکەن رێکخراوەکانی القاعدە و اخوان المسلمین و انسارالاسلام و الدعوە و تاڵیبان و حەماس تایبەتن بە سوننی مەزهەبەکان کە وڵاتانی سوننی مەزهەب پشتیوانییان لێ ئەکەن ولەبەرانبەریا حیزب اللّه تایبەتە بە شیعە مەزهەبەکان کە کۆماری ئیسلامی ئێران پشتیوانیان لێ ئەکا. هەر کام لەمانە نەتەنیا بە هۆی باوەڕی ئیسلامییەوە کە خۆی بە تەواو وکامڵ ئەزانێ وکۆی بزوتنەوەی ئیسلامی سیاسی نە تەنیا روانینیان بۆ سەرچاوە فیکرییەکانی ئایین وەك تەنیا سەرچاوەیەك بۆ پێك هاتنی فکرێکی ئەبەدی وغەیری قابیلی گۆڕان، بەڵکو بڵند گەرایی هەر کام لەم هێزانە بۆگەیشتن بە دەسەڵات و تەشەنە کردن بۆ نێوئاستە جیاجیانی کۆمەڵگا، بووتە هۆی ئەوە کە لە هیچ گۆنە توندوتیژییەك بەرانبەر بەو هێزانەی کە لە دیدی ئەوەوە مورتەد وکافر بە حیساب دێن ولە دەرەوەی ئاڵقەی ئەون، دەست نەپارێزێ.

ئەرکی دین لای هەندێك تەنیا بریتیە لەوەی کە پێوەندی بە خۆی وخوای خۆیەوە هەیە ، بەڵام لای هەندێکی دیکە ئەرکی دین ئەکرێتە رێبەری کردن و لە مزگەوت ئەترازێ بۆ ئاستی دەسەڵات وپێوەندی مرۆڤ لەگەڵ یەکتردا. رەوتی ئیسلامی سیاسی وەك باقی هێزە سیاسیەکانی دیکە حیزبێکی سیاسییە کە ئیدئۆلۆژی ئیسلامیی کردوەتە ئامرازی گەیشتن بە دەسەڵاتی سیاسی.

بە کارهێنانی سیاسیانەی ئیسلام یان بە واتایەکیتر بە سیاسی کردنی ئیسلام بۆ گەیشتن بە دەسەڵات خەسڵەتی هەرە بەرجەستەی رێکخراوەکانی ئیسلامی سیاسییە کە بە پێی شەریعەتی ئایینی ئیسلام و هەڵێنجراو لە دەقەکانی قورئان



و وتەی پێغەمبەر و پیاوانی ئایینی (ئایەت،حەدیس) ئەساسی باوەڕی ئەم رێکخراوانەیە بە تەفسیری جیاوازەوە، هەر بۆیە کردنی ئەم وتانە بە ئاسمانی وبەخشینی پیرۆزییەك پێیان وجیاکردنەوەی لە توانای مرۆڤی زەمینی خەسڵەتی بێ عەیب بوون وکامڵ و تاقانەبوونی پێ داوە و بووەتە خاوەن ئازادییەکی رەها کە هۆی سەرەکی ئەنجامی توندوتیژی لەگەڵ بەرانبەرکانیدایە. هەڵبەت پێویستە ئەوە بوترێ هەر کام لە بەڕێوەبەرانی ئەم رێکخراوانە بە پێی هەل ومەرج و بار و دۆخی سەردەم بە لێکدانەوەی خۆیان ناسنامەی جۆراوجۆر ئەبەخشنە ئیسلامی سیاسی وەك رێبازی خەبات بۆ بە ئەنجام گەیاندنی ئەو پیلانە سیاسیانەی کە بە دەستیانەوەیە، تەنانەت لە نیو خۆشیاندا وهەر کامەیان بە تەفسیری خۆیەوە، جارێك فتوا ئەدەن بۆ جیهاد بە دژی یەکتر و ئایەتێك دەکەنە پشتیوانی و دەمێکیتر تاکتیك دەگۆڕن و رەتی دەکەنەوە و باس لە دزێوی کردەوەکە دەکەن، دەمێك دەبنە هاوپەیمان ودەست ئەکەنە دیپلۆماسیەکی پتەو لەنیوخۆدا و دەمێکیتر دەکەونە شمشێر تیژکردن و لەیەکتر جیابوونەوە وئینشیعاب، تاوێك هێزی چەکداریان پێویست نییە وئەیانهەوێ مەسەلەکان بە هێمنی چارەسەر کەن و هێندەی پێ ناچێ کۆمەڵێك پیاوی ریشدار و دەمارگیر ئەکەن بە گژ ئەم وئەوا و دەست ئەکەن بە کوشتار و کردەوەی تێرۆریستی.

هەڵبەت پێویست بە وتنە کە لە سەرەتادا ئیسلامی سیاسی بۆ وەڵام بە مۆدێرنیتە هاتە ئاراوە، فەندەمێنتالیزمی ئایینی لە بەرانبەر رەوتی نوێ خوازیدا کە هەڵگری بیرێکی سێکۆلار بوو و باسی لە دێمۆکراسی و مافی مرۆڤ و مافی ژنان و هتاد دەکرد، پاش خەباتێکی بێوچان لە رۆژئاوا توانی دەسەڵات لە ئاسمانەوە بگوازێتەوە بۆ زەوی و جێگای قەشە و کشیشەکان درایە نوخبەی سیاسی رۆشنبیر و نوێخواز، ئەمە نوخبەی ئیسلامی لە رۆژهەڵات خستە بیری قوت بوونەوە لە بەرانبەر ئەم رەوتە جیهانییە کە مەترسی ئەوەی دەکرد ئەویش بە هەمان شێوە تووشی ئەوجیگۆڕکێیە بێت ومزگەوت جێ خۆی بداتە زانکۆ. سۆسیالیزمیش جێگە بە باوەڕە سوونەتییە ئایینیەکان لێژ کات ونوسخەی دوکتور جێگای نوشتە و چاوەزاری مەلا وشێخ وسۆفییەکان بگرێتەوە. ئەمە بریتی بوو لەو نیگەرانییەی کە بۆ بیرمەندانی فەندەمێنتالیزمی ئیسلامی مەترسی دروست کرد و بیرۆکەی دەسەڵاتیان لا دروست بوو. بۆ گەیشتن بە دەسەڵاتیش پێویستی بە دەزگایەك هەیە کە بتوانێ لەو رێگایەوە خۆی رێك بخات و وەك باقی هێزە سیاسییەکانی دیکە خۆی بخزێنێتە مەیدانی سیاسەتەوە، دیسانەوە ئەم دەزگایەش پێویستی بە ئیدئۆلۆژییەك هەیە کەخەڵك لە دەوری خۆی ئاڵێنێ و ئەو هێزەی کە پێویستیەتی لە پێناو بەرژەوەندییەکانی خۆیدا بە قەناعەتیان بگەیەنێ. پێڕەوی کردن لە دقەکانی قورئان و قسەی پێغەمبەر و ئیمامان و ئەسحابە وهتاد، گونجاوترین ئیدئۆلۆژی بۆ رێکخەرانی ئیسلامی سیاسی....

⇦

... بوو کە ئەیتوانی لە بەرانبەر نوێ خوازیدا لەمپەر بێت. بازنەیەکی داخراو کە بەردەوام شتە کۆنەکان گیانیان بە بەردا ئەکرێتەوە وتاری ١٤٠٠ ساڵ لەوە پێش سەرلە نوێ بەرهەم دێنەوە ویەك لە دوای یەك خۆ ئەخزێننە سەردەمی مۆدێرنیتە وتێکنۆلۆژی وئێنترنێتەوە تا بەڵکو ئەگەر نەیانتوانی پێشی پێ بگرن، لانی کەم ببنە کۆسپ وبەرد بخەنە بەر ڕێگای و بە هۆی چەن خوتبەدەر و مەلاوە پەیامی بە دەسەڵات گەیشتنی ئیسلام بگەیەننە خەڵك ولێیان بکەنە ئەرك. گەڕان لە نێو ئەم عەڵقەیەدا کە وتە و ژیان و بەسەرهات وئەژماری ژنی فلانە پێغەمبەر و وفیسارە ئیمام ئەبنەوە داڕێژەری ئەخلاقییاتی دەورانی ئێمە و بە نێوی سوننەت وفەرزەوە بەرگی پیرۆزییان بە بەرا ئەکرێ وهەر کردەوە و ئاکارێکی ئەوان بە ورد و درشتەوە کە لە نیمچە دورگەی عەرەب ئەنجام دراوە ئەبنە مەرجی سەرەکی بوون بە مرۆڤێکی بێ خەوش و بێئێرادە. پۆشینی هەر رۆژەی بەرگێکی نوێ وجۆراوجۆری رۆاڵەتیانە بە سەر ناوەرۆکێکی تیکراری وکۆنەوە، بڕیاری زاڵ بوون وخۆسەپاندن بە سەر کۆی شتەکاندا ئەدا تا بەڵکوو لەم ململانێ سیاسیەدا سەهمێکی بەرکەوێت. زاڵکردنی کولتورێکی یەکەخواز و بالانوێن نەتەنیا پێڕەوی جیایی و شەقبوونی کۆمەڵگا دەکات، بەڵکوو تاکەکانیش لە نێوخۆدا تووشی ئەم دوو بەرەکایەتییە ئەکا و یەك کەس ئەکاتە دووکەسایەتی لایەنێکیان بە نێوی نەفسی ئەممارەوە و ئەوی دیکە لەوامە کە دژایەتی یەك ئەکەن و خەریکی شەڕێکی ئەبەدین. ئەمەیە کە دەبێتە پێکهێنەری ئەو ترسە دەرونیە لە مرۆڤدا کە پێی وایە ئەگەر نەچێتە ژێر رکێفی ئەو بڕیارانەی کە نوێنەرانی خودا لە سەر ئەرز دەیکەن ئەوا ئەکەونە بەر رقی خودا و فتوای لە ناوبردنیان رەوایە و بە تاوانی قبوولٚ نەکردنی ئیسلام بە ئاسانی لە لایەن ئەم یان ئەو رێکخراوی ئیسلامی سیاسییەوە ئەدرێ. باوەڕ نەبوون بە هیچ گۆنە فیکرێکی غەیرە خۆیی و نەگۆڕ بوون کە تەنانەت رێگاچارەیەکی مام ناوەندیش لەگەڵ بەرانبەرەکانیدا قبوولٚ ناکات. یان ئیسلام و دەسەڵاتی ئیسلامی یان هیچی تر، بەم شێوە کۆمەڵگا ئەکاتە دو بەرە، بەرەیەکیان پیاوچاك و خاوێن و دور لە هەر چەشنە عەیب و ئیرادێك کە خۆی بێت، و بەرەکەی دیکە کافر و موفسیدولئەرز کە بەرانبەرەکانین. تەنیا دو رەنگ مانای هەیە بۆی یان رەش یان سپی، یان چاك یان خراپ، یان حەلال یان حەرام، یان دەبێ پیاوی مزگەوت بێت یان مەیخانە، یان دەست پاك و داوێن پاك یان جەردە و داوێن پیس، لێرەدا بە شێوەیەك خۆی وێنا ئەکات کە ئەبێتە ئەو شتە رەسەنەی کە شتەکانی دیکە نارەسەنن ئەو ئەبێتە تەنیا بەرهەم هێنەر وتەنیا تەقەدوسی هەر شوێن و زەمانێك کە بەها و نرخ ئەدا بە گشت شتەکان، وەڵامی بۆ کۆی قەیران و کێشە ماددی و مەعنەوییەکانی مرۆڤ وکۆمەڵگای پێیە وبە ئەسپایی چارەسەریان ئەکات. لەم دیدەوە ئەیەوێت ناسنامە بەخشێتە تەواوی شتە ورد و درەشتەکان وببێتە دەرمانکەری هەر دەردێکی بێدەرمان و گشت نەخۆشییەکان بە نوسخەی ئەو چارەسەر ئەکرێن، بێ هەڵە لە گشت ئاستێکدا دەتوانێ وەك رێبەریکی سیاسی خۆی ئاراستە بکات. لێرەدایە کە بەرانبەرەکانی دەبنە ئەو دێوەزمەی کە هاتوون بۆ قات وقڕ کردنی خەڵك، دنیا بەرەو لە ناوچوون ئەبەن و بەچەکی سۆسیالیزم و ناسیۆنالیزم ودیمۆکراسییەوە هاتوون بۆخراپەکاری و لێئەستاندەوەی ناسنامە لە مرۆڤایەتی، لێرەدا ئەوەمان بۆ روون ئەبێتەوە کە هەر شتێك وەك ئەو نەبێ و لای ئەو مانا بە خۆی نەبەخشێت، مەحکوومە بە لە ناوچوون. بۆ وەلانانی ئەو جاهیلییەتەی ئەو باسی دەکا پێویستی بە لێئەستاندنەوەی دەسەڵاتە لەو زیندەوەرە زەمینییەی کە بڕوای بە عەقلانیەت و هێزی زەمینی خۆیەتی و هەر بۆیە بە زەرورەتی ئەزانێ ئایین تەنیا لە چوارچێوەی ماڵدا نەهێڵێتەوە، بەڵکو بیکاتە ئاڵترناتیڤی گشت هێز و دەسەڵاتێك کە باوەڕیان بە جیایی دین لە دەوڵەتە.

ژمارە تەلەفۆنی پەیوەندییەکانی کۆمەڵە لە کوردستانی
عێراق: ٣١٥٠٢٨٩_٣١٦٠٧٥٢_٠٧٧٠١٥٣٧٤٦٥
ژمارە فاکسی پەیوەندییەکانی کۆمەڵە لە کوردستانی عێراق
٣١٦٠٧٥٢_٠٠٤٤٧٠٤
ژمارە تەلەفۆنی سکرتاریەت_ ٠٧٧٠١٥١٥١٣٤

درێژەی:

***هۆکارەکانی سەرمایەگوزاری..***

... جیاوازی نێوان بەشی تایبەتی چالاك لە کوردستان و بەشی تایبەتی لە شوێنەکانی دیکەی ئێران دەبینین و دەرك بەوە دەکەین کە ئەوەی لە کوردستان چالاکە تەنیا بەشی تایبەتی بەفیڕۆدەرە و هیچیتر.

لە درێژەی راپۆرتەکەی خانەی کانەکانی کۆماری ئیسلامیدا هاتووە هەموو کانەکانی پارێزگای کوردستان کاریان تێدا دەکرێ و نزیکەی ٤/٥هەزار تۆن مادده بە بڕی نزیك بە ٤٢٠هەزرار دۆلار لە ١٤٦کانی ئەو ئۆستانەوە بۆ دەرەوەی وڵات نێردراوە. بە تێڕامان لەو ژمارانە و زانینی ئەوەی کە زۆربەی کانەکانی کوردستان کانە بەردی جوانکاریە، کە لە سەدا ٤٠ی کانەکانی لەخۆ گرتووە، دەتوانین ئامارژە بە دوو خاڵی گرینگ بکەین:

یەکەم ئەوەی کە تالان کردنی کانەکانی پارێزگای کوردستان لە چاو ناوچەکانی دیکەی رۆژئاوای ئێران لە پلەی یەکەمدایە و بە پێی قسەی دەبیرخانەی بەشی سەنعەت و مەعدەنیپارێزگای ئازەربایجانی رۆژئاوا، هەتا ئێستا هیچ بوودجەیەك بۆ بەشی کانەکانی ئەو پارێزگایە تەرخان نەکراوە، لە بەر ئەوەی کۆماری ئیسلامی هەنووکە هێزی تالان و راوو ڕووتی خستۆتە کوردستان و بێگومان لەداهاتوودا نۆبەی ئەوانیتریش دێت.

دووهەم ئەوەی کە سەرەڕای هەناردنێك نزیك بە ٤/٥ هەزار تۆن بە بایەخی ٤٢٠ هەزار دۆلار، هێشتا گەشەی ئابووری هیچ، تەنانەت دۆخی ئاسوودەیی و ریفاهی خەڵکی کوردستان کە خاوەنانی راستەقینەی ئەو سەروەت و سامانەن و نەك هەر باشتر نەبووە، بەڵکوو خراپتر بووە. هەروەها تەنانەت کرێکارانی ئەو ١٤٦ کانەش ئەگەر نەڵێین هەموویان، زۆربەیان خەڵکی ناوچەکانی دەرەوەی کوردستانن و کەواتە تەنانەت خزمەتی پێکهێنانی کار بۆ خەڵکی کوردستانیشدا نەبوون. ئەو ژمارە کەمەی کرێکارە کوردەکانیش کە لەو کانانەدا کار دەکەن خەڵکی ئاواییەکانی دەورووبەری کانەکانن و هەر ئەوە و بێئاگایی زۆربەیان لە مافە یاساییەکانیان، بۆتە هۆی ئەوەی زیاتر لە لایەن خاوەن کارەکانیانەوە بچەوسێنەوە. بە کورتی دەکرێ بڵێین وەگەڕ خستنی ١٤٦ کان لە کوردستان نەك هیچ یارمەتیدەر نەبووە بۆ سەنعەت وکار و پیشە لە کوردستان، بەڵکوو ئاستی چەوساندنەوەشی زیاتر کردووە.

رێژەی کانەکانی ئۆستانی کوردستان نزیك بە ٣٨٨ میلیۆن تۆن بەراورد کراوە کە ساڵانە لە سەدا ١/٤٪ لەو رێژەیە دەردەکێشرێ. بوونی کانی زێڕ کە وەزارەتی پیشەسازی کۆماری ئیسلامی رایگەیاندووە، گرینگترین تایبەتمەندیی پارێزگای کوردستانە. بەڵام بەو حاڵەشەوە کوردستان سەرەڕای هەموو ئەو کانە بە نرخانە، لە ژێر سێبەری رەشی دیکتاتۆری دینیدا، یەکێك لە بێبەشترین پارێزگاکانی ئێرانە و خەڵکەکەی هەژارترین دانیشتوانی ئێرانن.

دانانی کەندوو کۆسپ لە سەر رێی سەرمایەگوزاری لە کوردستان و لە بەرچاوگرتنی بەرژەوەندی تاکە خودییەکان، هەژارییەکی بەرین و دوواکەوتوویەکی گەورەی ئابووری بۆ کوردستان بە دیاری هێناوە. کوردستان و هەموو ناوچە کوردنشینەکان کە دەتوانین بە دڵنیاییەوە بڵێین کە هەژارترین ناوچە لە بواری دابەشکردنی سەروەتەکانی کۆمەڵگان،خەڵکەکەی بە هۆی هەڵاواردنی نەتەوەیی بەر لە راپەڕینی ٥٧ و پاش ئەو تاریخەش کەوتنە پەراوێزەوە. بە پێی ئامارێکی رێکخراوی بەڕێوە بەرایەتی و بەرنامە داڕشتن، کوردستان لە باری سەروەت و ئیمکاناتەوە لە نێو بنەماڵەکانی شارنشیندا لە پلەی ٢٦ دایە و لە ناو بنەماڵەکانی لادێیدا لە پلەی ٢٧ دایە. واتە لە باری هەژارییەوە لە پلەی یەك یان دوو دایە. نایەکسانییە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی نێوان نەتەوەی دەسەڵاتدار و گەلانی تری ئێران لە لایەکەوە و لایەکی تریشەوە بەرگرتن بە گەشەی ئەم ناوچانە بە پێی ئامۆژگارییەکانی بەرنامەدارێژەران، بەرچاوترین هۆکارەکانی گەشە نەکردنی ناوچە کوردنشینەکانن.

ئاستی سەرمایەگوزاری کردن لە کوردستان نەتەنیا جیاوازییەکی زۆری لەگەڵ ناوچەکانی تری ئێران هەیە، بەڵکوو لە راستیدا بەشی هەرە زۆری سەروەت و سامانەکەی بە تالان دەبردرێ و رادەگوێزرێ بۆ دەرەوەی کوردستان. بە تێگەیشتن لەم راستیانە، دەکرێ بوترێ کە یەکێکیتر لە هۆکارەکانی گەشە نەکردنی ئەم ناوچانە و رانەکێشانی سەرمایەکان بەرەو خۆیان، بوونی هێزە غەیری بوومیەکان و کەسانی بێگانەیە کە جگە لە پڕ کردنی گیرفانەکانیان بیر لە هیچیتر ناکەنەوە. دانی ئیزنی کەڵك وەرگرتن لە کانەکانی کوردستان بۆ کەسانی غەیرە کورد نموونەیەك لەو هەڵاواردنەیە.

***

SHORESH
POLITICAL PAPER ISSUED BY THE KOMALA PARTY
دوالاپەڕە
komala1348@hotmail.com
Editor-in-Chief: Nasser Hessami
www.komala.org

*ڕاگەیاندنی سکرتاریەتی کۆمەڵە:*

# به دوادا چوون و ئازاردانی هەڵسووڕاوانی فەرهەنگی لە کوردستان مەحکوومە

لە ماوەی چەند مانگی رابوردوودا، دەست و پێوەندەکانی ئیتلاعات و دامەزراوە قەزاییەکانی کۆماری ئیسلامی بە شێوازی جۆرا و جۆر پەرەیان بە گوشار خستنە سەر رووناکبیران و هەڵسووڕاوانی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی داوە. بێ گومان بوواری فەرهەنگی و رووناکبیری، بووەتە سەنگەرێکی پڕ لە شانازی بۆ بەربەرەکانێ و وەستاندنەوە بە دژی سەرکوتگەریەکانی ئەم رژیمە و تێك شکاندنی دەسەڵاتی فەرهەنگی ئیسلامی دواکەوتووانە و،هەر ئەم راستیە بووەتە هۆی تووڕەیی و سەر لێشێواویی داگیرکەرانی کۆماری ئیسلامی. هەنووکە ژمارەیەکی بەرچاو لە هەڵسووڕاوانی ئەدەبی، فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی، هەرکامە بە بیانوویەك پەروەندەیان بۆ ساز کراوە و بانگ کراونەتە دادگا و ژمارەیەکیش لە لایەن کارمەندانی ئیتلاعاتەوە لێپرسینەوەیان لەگەڵ کراوە و بە ئاشکرا هەڕەشەیان لێکراوە و بەشێکیشیان لە هەڵسووڕانی کۆمەڵایەتی بێبەش کراون. گوشار خستنە سەر خاتوو شەمزین جیهانی لە مەهاباد تەنیا نموونەیەکە لەو چەشنە زەخت و گوشارانەی سەر هەڵسووڕاوانی فەرهەنگی لە شارەکانی کوردستان.

ئێمە سیاسەتی گوشار خستنە سەر رووناکبیران لە لایەن دەزگا جۆرا و جۆرەکانی رژیمەوە مەحکووم دەکەین و داوا لە هەموو خەڵکی ئازادیخواز و رێکخراوە پێشکەوتنخوازەکانی ئێران دەکەین دەنگی ناڕەزایەتی خۆیان لە دژی ئەم سەرەڕۆیی و زۆر وێژیانە بە گوێی جیهان بگەیەنن و پشتیوانی خۆیان لە هەڵسووڕاوانی فەرهەنگی و رووناکبیرانی کوردستان دەرببڕن.

هەروەها داوا لە هەموو خەڵکی کوردستان و کۆڕ و کۆمەڵی رووناکبیری دەکەین کە لە بەرامبەر ئەم شەپۆلە نوێیەی سەرکوت و تۆقاندنەدا بوەستنەوە و ئەم کردەوانەی رژیم مەحکووم بکەن و پەرە بە چالاکییە فەرهەنگی و رۆشنگەریەکانیان بدەن و ئەو کردەوانەی دەزگاکانی رژیم بکەنە بوارێك بۆ لەقاودان و ئامرازێك لە دژی کۆماری ئیسلامی.

سکرتاریەتی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران
١٨ی بەفرانباری ١٣٨٣ی هەتاوی
بەرابەر بە ٧ی ژانوییەی ٢٠٠٥ی زایینی

# تەسکتر بوونەوەی بازنەی گوشار هێنان بۆ سەر ئێران

لەماوەی ئەم یەك دوو ساڵەی دواییدا یەکێك لە گرینگترین کێشەکانی ئێران مەسەلەی بەرهەم هێنانی چەکە ناوکییەکان بووە. ئێستا و لەم بڕگەیەدا و پاش هێرشی ئەمریکا بۆ رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و هێنانە گۆڕێ گەڵاڵەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە لایەن ئەمریکاوە و دەرەنجامەکانی هێرش بۆ سەر ئەفغانستان و عێراق ئەگەری هێرشی نیزامی و بە شێوەی دوو وڵاتی ناوبراو بۆ سەر ئێران بووەتە باسی کۆڕوکۆمەڵە سیاسییەکان. بە وتەی ماڵپەڕی ئینتێرنێتی "ئەلوەتەن" جۆرج بووش کە بۆ ماوەی چوار ساڵیتری وەك سەرکۆماری ئەمریکا هەڵبژێردرایەوە هەڵوێستی خۆی لە مەڕ ئێران و مەسەلەی ئەتۆمی بۆ وڵاتە گرینگەکانی ئورووپایی رایگەیاندووە کە "ئەگەری هێرشی نیزامی بۆ سەر ئێران رەت ناکەنەوە".

لە لایەکی دیکەوە هێندێك لەو بڕوایەدان دووپاتکردنەوەی شێوازی هێرشی ئەمریکا بۆ سەر عێراق و ئەفغانستان ناتوانێ بۆ ئێران بە هۆی سیاسی و جوغرافیایی و تەرازوی هێز بەکەڵك بێ.

هەروەها رۆژنامەی "تاگس اشپیگل" نووسیویە کە سەرانی سیاسی ئاڵمان لەو بڕوایەدان کە ئەمجارە پەنابردنی ئەمریکا بە هێرشی نیزامی بۆ سەر ئێران جیدییە و دەوڵەتی ئاڵمان لەم بارەیەوە نیگەرانی خۆیان دەربڕیوە.

لە لایەکی دیکەوە دانیشتنی بەم زووانەی سێ وەزیری دەرەوەی وڵاتانی ئینگلیس و ئەڵمان و ئەمریکا لەسەر رەچاوگرتنی هەڵوێستێکی یەکگرتووانە بەرامبەر بە ئێران بەدی دەکرێ و بەم جۆرە بازنەی گوشار هێنان بۆ سەر ئێران تا دێ تەسك و تەسکتر دەبێتەوە.

# کردەوەی دواکەوتووانەی ئیسلامییە توندڕەوەکان، بە دژی ژنان، لە شاری سەقز



رۆژی سێ شەممە، ٢٩ی بەفرانبار چەند کەس لە جەماعەتی ئیسلامی سەر بە گرووپ و تاقمە توندڕە و تێرۆریستەکان کە سەریان بە گرووپی تێرۆریستی( القاعده) و (انسارالسلام)وە بەندە، تێزاویان بە سەروچاوی دوو کچ لەو شارەدا پڕژاندووە. تێزاوەکە دەم و چاوی کچەکانی نەگرتووە و رژاوەتە سەر قاچیان.ئەم جەماعەتە دواکەوتووە لە درێژەی ئەم کارە دژی ئینسانییەی خۆیاندا، چوونەتە دووکانێکی جل‌وبەرگ فرۆشی ژنان و تێزاویان بە سەر جل‌وبەرگی ناو دووکانەکەدا پڕژاندووە.

دوای تێکدان و هەڵپێچانی مەقەڕ و بنکەکانی جەماعەتی (انسارالسلام) و گرووپە تێرۆریستییەکان لە کوردستانی عێراق، ئەمانە لە رێگای سنووری هەورامانەوە ئاودیوی خاکی ئێران بوون. لەو کاتەوە هەتا ئێستا، کۆماری ئیسلامی بۆ ئامانجە گڵاوەکانی خۆی، چ لە ناو خاکی کوردستانی ئێران و چ لە عێراقدا داڵدەدەری ئەم گرووپانەیە و لەم تاقمە دواکەوتووە بەومەبەستە کەڵك وەردەگرێت. ئەم جەماعەتە لە شاری مەریوان بەئاشکرا بنکەیان هەیە و لە شارەکانی، بۆکان، مەریوان، پاوە و سەقز و...بە ئاشکرا خەریکی هەڵسووڕانن و بنکە و مەقەڕەکانیان بۆ هەموو خەڵك ناسراون، کەچی کۆماری ئیسلامیش نەتەنیا هیچ بەربەستێکیان بۆ دروست ناکات بەڵکوو بەکردەوەش یارمەتی مادی و مەعنەوییان دەکات.

# بەخشینی خەڵاتی جیهانی "وێب" بە لاوێکی شاری سنە



به پێی هەواڵی هەواڵنێران، کاك "سەلاحی‌شەهسەواری" لاوی ٢٣ ساڵەی سنەیی خەڵاتی گەورەی جیهانی وێبی بردەوە. کۆمەڵی نێونەتەوەیی داڕێژەران و بەڕێوەبەرانی سیستمە راگەیەنە ئێلێکترۆنییەکان خەڵاتی زانستی خۆیان بە هۆی بەرهەمهێنانی سیستمی (d.c.m.s) لە نێوان ١٠ میلیۆن بەشدار لە ١٤٢ وڵاتی جۆراوجۆری جیهانەوە بەخشییە کاك سەلاحی شەهسەواری. شایانی باسە کە ئەم سیستمە دەتوانێ پشتیوانی خۆی لە سەرجەم زمانەکانی جیهان و لە هەل‌ومەرجی جۆراوجۆردا لە هەر کەسێك بە شێوەی وێبی هاوشێوە چێ بکا.

## ئیمەلی چەند کەس لە هاوڕێیانی دەفتەری سیاسیی کۆمەڵە

هاوڕێ عەبدوڵڵای موهتەدی:
abdolla.mohtadi@komala.org

هاوڕێ سیامەك (ئەبووبەکر)ی مودەریسی:
s.modarresi@komala.org

هاوڕێ عومەری ئێلخانی‌زادە:
omar.elkhani@komala.org




شایانی باسە کە بەرنامەکانی بەشی فارسی دەنگی کۆمەڵە (رادیۆ پەیام) هەموو شەوێ بەدوای بڵاو بوونەوەی بەرنامەکانی بەشی کوردی بڵاودەکرێتەوە. هەروەها بەرنامەکانی بەشی هەورامی رۆژانی شەممە، سێ‌شەممە و پێنج شەممە دوای بڵاوبوونەوەی بەرنامەکانی بەشی کوردی بڵاو دەبێتەوە.